Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.5

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Kawan Ahmad Elias
kawan.elias@su.edu.krd

RECEIVED :23 /11/2024
ACCEPTED :18/02/ 2025
PUBLISHED :15/06/ 2025

# ڕۆڵی ئامراز و پێداویستییەکانی کۆنداکتەر لە ڕابەریکردنی ئۆرکێسترادا

**کاوان احمد الياس /** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان ، زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر ،کوردستان،عیراق

**سرود فؤاد محمد سەڕاج**/ بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان ، زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر ،کوردستان،عیراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ئامراز،
پێداویستی،
کۆنداکتەر ،
ڕابەریکردن،
ئۆرکێسترا.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکاری و وەسفی یە، توێژەران لەم توێژینەوەدا بە شێوەیەکی زانستی شیکردنەوە و شرۆڤە لەسەر کۆمەڵێک لەو ئامراز و پێداویستییانەی کە بۆ ڕابەریکردنی ئۆرکێستراکان پێویستن و گرنگن دەکەن. کاری ڕابەرایەتیکردن بە گشتی پێویستی بە کۆمەڵێک پێداویستی هەیە، بۆئەوەی ئەداکردنێکی زانستی و سەرکەوتووانە نمایش بکرێت، بۆیە ئەم پێداویستییانە لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بۆ نمایشە موزیکییەکان وەک پێویستیەک سەیردەکرێت. لە ژێر ئەم ڕۆشناییە، توێژەران بە گرنگیان زانی ڕۆڵ و پێگەی ئەم ئامراز و پێداویستییانە بۆ کۆنداکتەر و ڕابەرایەتیکردن لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکدا بۆ خوێنەرانی بواری موزیک بخەنەڕوو.

ئەم بابەتە هەڵبژێردراوە کۆمەڵێک تەوەری گرنگ لەخۆ دەگرێت، کە وەک ئامرازەکان دەخرێنە بەرباس، لەوانە باتۆنی کۆنداکتەر کە بە یەکێک لە ئامراز و چەکە کاریگەریەکانی کۆنداکتەر دادەنرێت بۆ ڕابەریکردنی ئۆرکێستراکان و پێرفۆرمانسی کۆنداکتەر لە بواری موزیکیدا، هەروەها باس لە مێژووی پێشکەوتن و سەرهەڵدانی باتۆنی کۆنداکتەر بەپێی سەردەمە جیاوازەکانی موزیکی و تەواوی ووردەکارییەکان دەکرێن، دواتر توێژەران باس لە تایبەتمەندی شێوازی سکۆڕە موزیکییەکانی کۆنداکتەر دەکەن و شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، سەکۆی کۆنداکتەر یەکێکە لە باسەکانی توێژەران کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە و وەک پێداویستییەکی گرنگ بۆ کۆنداکتەر هەژمار دەکرێت و شیکاری تایبەتی بۆ ئەنجام دەدرێت، هەمیشە بۆ جێگیرکردنی نۆتە موزیکی و سکۆڕە موزیکییەکان پێویست بە بوونی ستاندی موزیکی هەیە، بۆ پێرفۆرمەرەکان بۆیە ستاندی کۆنداکتەر وەک پێوسیتی و پێداویستیەکان دادەنرێت بەڵام، بە جیاواز لەگەڵ ستاندی ئاسایی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە لەم توێژینەوەیەدا لەلایەن توێژەرانەوە گشت وردەکارییەکان دەخرێنە بەردیدی خوێنەر. یەکێکی تر لە جیاوازییەکانی کۆنداکتەر پۆشینی جل و بەرگە کە تەوەرێکی تری توێژینەوەکە پێک دەهێنێت و ئەم پێداویستییانەی بۆ پۆشین گرنگن لەکاتی نمایشەکاندا دەخرێنەڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١.پێشەکی:

### ١.١ کێشەی توێژینەوە:

کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە لە کۆمەڵێک لایەن خۆیان دەبیننەوە، بەکارهێنانی نازانستیی ئامرازەکان و فەرامۆشکردنی زۆرێک لە پێداویستییەکان لەلایەن کۆنداکتەرانی نێو ئۆرکێستراکان، کە خۆیان لە کۆمەڵێک تەکنیکی تایبەت بە ئامرازەکانی ڕابەریکردن دەبیننەوە، وەک کەم شارەزایی کۆنداکتەرەکان لەجێبەجێکردنی وردەکارییەکانی نێو نمایشە موزیکییەکان لە ئۆرکێستراکاندا، بۆیە توێژەران وشەی ئۆرکێسترا بەکاردەهێنن لەنێو تەواوی توێژینەوەکەدا، چونکە کۆنداکتەر تەنیا تایبەتە بە ڕابەریکردنی ئۆرکێستراکان بەدەر لە گروپە موزیکییەکان. هەروەها بەردەست نەبوونی میتۆدی زانستی تایبەت بە پێداویستییەکان و ئامرازەکانی کۆنداکتەر بە زمانی کوردی بۆ خوێنەران یەکێکە لە کێشە گەورەکان بۆ خوێنەر و کۆنداکتەران لە بواری موزیکدا.

### ١.٢ گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە شێوازی بەکارهێنانی ئامرازەکان بە شێوەیەکی زانستی وەک پێداویستییەکان دەخاتەڕوو، چونکە ئامرازەکان بە یەکێک لە پێکهاتە و کەرەستە گرنگەکانی کۆنداکتەر دادەنرێت، لە زۆرینەی ئۆرکێستراکان و ناوەندە زانستییەکانی تایبەت بە خوێندنی موزیک بەگشتی و بواری ڕابەرایەتیکردن بەتایبەتی هەیە، بە پێرفۆرمەرێکی سەرەکی نێو ئۆرکێستراکان دادەنرێت، ئەم توێژینەوەیە بۆ گشت نێوەندە زانستیەکان، هەروەها ئارەزوومەندانی ئەم بوارە بەسودە، چونکە توێژینەوەی زانستی تایبەت بەم ناونیشانە پێشتر ئەنجام نەدراوە. زۆرترین ئەم تەکنیکانەی لەلایەن کۆنداکتەر و بەجێ دێت، بەهۆی ئامراز و پێداویستییەکان ئەنجام دەدرێت، بەهۆی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت کۆنداکتەرانی کورد بە شێوازە دروست و زانستییەکەی ئەنجامدانی ئامرازەکانی کۆنداکتەر ئاشنابن، کە ڕۆڵ و تایبەتمەندی و گرنگی ئەم ئامراز و پێداویستیانە خراوەتەڕوو.

### ١.٣ ئامانجی توێژینەوە:

ناساندنی ڕۆڵ و شیکردنەوەی ئامراز و پێداویستییەکانی کۆنداکتەر و شێوازەکانیان بە شێوەیەکی زانستی، بۆ ئاشنابوونی خوێنەرانی بواری موزیک و خستنەڕووی تایبەتمەندی و گرنگی ئامراز و پێداویستییەکان لە بەجێهێناندا، هەروەها شرۆڤەکردنی ژمارە و جۆرەکان و شێوازەکانی بەکارهێنانی پیداویستییەکانی کۆنداکتەر لە ئۆرکێستراکاندا .

### ١.٤ سنورەکانی توێژینەوە:

١.٤.١ سنوری جوگرافی: سنوری جوگرافی ئەم توێژینەوەیە جیهانییە.

١.٤.٢ سنووری مێژوویی: سەردەمی موزیکی باڕۆک تا ئەمڕۆ.

١.٤.٣ سنوری بابەتی: ئامراز و پێداویستییەکانی کۆنداکتەر بۆ ڕابەریکردنی ئۆرکێسترا.

### ١.٥ پێناسەی چەمکەکان:

**١.٥.١ ڕۆڵ**:

واتە ئاکتینگ لە ژیانی ڕۆژانەی تاک، بەڵام دەکرێت تاک ئەو ڕۆڵە بەشێوەیەکی باش یان خراپ بگێڕێت یان هەندێک بەشی لە بیر بچێت و ئەنجامی نەدات، یان بەجۆرێکی دیکەی بگێڕیت، کە دەشێ نوێ یان نامۆبێت بە کۆمەڵگا، واتە دەشێت لە چاوەڕوانی کۆمەڵگادا نەبێت ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت، ئا لەو کاتەدا ڕەنگە دەنگی ناڕەزایی بەرز ببێتەوە و بەربەستی بۆ دروست بکرێت لە بڕی دەستخۆشی لێ کردن، بریتی یە لە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی کە تێبینی ڕەفتار و پابەندبوونەکانی تاکە کەس دەکات بەپێی ئەم پێگە کۆمەڵایەتییانەی کە تێیدایە. (عدنان، صباح.٢٠٢١)

**١.٥.٢ ئامراز**: لە بنەڕەتدا، ئامرازەکان هەر شتێکن کە یارمەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکان دەدات بۆ ئاسانکاری و یارمەتیدانی هەوڵەکانی مرۆڤ. ( P:121962،Hanson ).

**١.٥.٣ پێداویستییەکان**: پێداویستییەکان لە بنەڕەتدا ئەو شتانەن کە پێویستە ئەنجام بدرێن، یان ئەو مەرجانەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەوەی شتێکی سەرکەوتووی لێ بەدیبێت. چی پێویستە بۆ پرۆژەیەک یان بەرهەمێک یان سیستەمێک

یان تەنانەت کەسێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، بەکورتی، پێداویستییەکان یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە شتێک پێویستە بۆ کارکردن یان کامڵبوون. ئەمانە ڕێنمایی یان پێوەری ڕوونن کە دڵنیایی دەدەن لە بەدەستهێنانی ئەنجامە خوازراوەکان. (Robertson, p:3،2013).

**١.٥.٤ کۆنداکتەر** :( Conductor) ئەو کەسەیە کە تایبەتمەندی و بەهرەمەندی خۆی بەکاردەهێنێت، بۆ کارلێککردن لەسەر ئەدای تاکەکانی نێو گروپە موزیکیەکاندا (ئۆرکێسترا)، ئاڕاستەیان دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان. کردارێکی ڕەزامەندانەیە، واتە کاتێک کۆنداکتەر ڕابەرایەتی تیمێک دەکات پێویستە ڕەزامەندی ئەم تیمە کۆنداکتەر بهێننە دی، چونکە کۆنداکتەر بڕیاردەری یەکەم و کۆتاییە لە نمایشە موزیکییەکاندا و گشت هەوڵەکانی بۆ ئەنجامدانی نمایشێکی سەرکەوتوو لە ئەستۆ دەگرێت، کۆنداکتەر ڕێکخەر و ڕێنیشاندەری ژەنیارەکانی نێو ئۆرکێستراکانە، بۆیە بە تاک و بە سێکشن پێویستە گشت موزیکژەنەکان گوێڕایەڵی پێشنیارەکانی کۆنداکتەر بن. پەرەسەندنی موزیک و بەرزکردنەوەی ئاستی نمایشەکان بەندە بە کۆنداکتەرەوە، بە جوڵەکانی دەستی نواندن دەکات بۆ ئەو دانراوە موزیکیانەی کە ڕابەرایەتیان دەکات و گوزارشت لە ئەو بیرۆکە و چیرۆکانەی نێو دانراوە موزیکییەکان دەکات کە لەلایەن موزیکدانەرەوە دانراون. گشت جوڵەکانی کۆنداکتەر لە نێو ئۆرکێستراکاندا واتادار و مەبەستدارن، هەمیشە کۆنداکتەر بە پردی نێوان موزیکدانەر و ژەنیاران دادەنرێت. (Nicotra. 2017, p:43)

**١.٥.٥ ڕابەرایەتیکردن**:( **Conducting**) توانایەکە کاریگەریی لەسەر کەسانی تر و ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانیان دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان. کەواتە گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، پرۆسەیەکە کە ئامانج و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکان و ڕێکخستنی هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی دیاریکراو دەدات. توانایەکە بۆ کاریگەری لەسەر کەسانی تر و ئاڕاستەکردنی هەڵس و کەوتیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتی و تایبەتیەکان. واتە کۆنداکتەر بەرپرسە بەرانبەر ئاڕاستەکردنی کۆمەڵە کەسێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. ئەو کەسەی کە ڕابەرایەتی دەکات. پێویستە ئاڕاستەی ئامانجەکانی بپێکێت بۆ مەودایەکی دوور. (Nicotra. 2017, p:42)

**١.٥.٦ ئۆرکێسترا**: وشەی ئۆرکێسترا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیە کۆنەکان، کە بەم شێوەیە دەنوسرێت (orchestra) ، کە بەواتای سەکۆی نمایشکاران و سەماکاران دێت، لەلایەن ڕۆمانییەکانەوە شوێنی دانیشتنی کەسایەتییە پلە باڵاکان لە شانۆکاندا بووە. لەلایەکی تر هەمان وشە لە موزیکدا لە سەدەی پازدەهەمەوە بۆ کۆمەڵێک ژەنیاری ئامێری موزیکەوە کە بەیەکەوە موزیکییان ژەنیوە و ژمارەیان کەم بووە بەکارهاتووە. ئۆرکێسترا گروپێکی گەورەی موزیکییە کە کۆمەڵێک خێزانی ئامێرەکانی لەخۆ گرتووە، بە شێوەیەکی گشتی خێزانی ئامێرەکان لە ئۆرکێسترادا لەوانە پێکدێن: (ئامێرە ژێدارەکان، ئامێرە فودارەکان، ئامێرە فومسییەکان، ئامێرە پێرکیشنەکان). جێگای باسە گشت ئۆرکێسترایییەکان لەلایەن کۆنداکتەرەوە ڕابەرایەتی دەکرێن، ئەم گروپە موزیکییە نمایشی موزیکی بە فۆرم و شێوازی جیاواز پێرفۆرم دەکەن.( Levine, p:12، 2001)

## ٢. میتۆدۆلۆجی

### ٢.١ ئامرازەکان:

#### ٢.١.١ پێناسەی باتۆن وەک زاراوە وئامراز:

**٢.١.١.١ پێناسەی باتۆن وەک ئامراز و زاراوە:** باتۆن یان داری ڕابەرایەتی لە ڕووی زاراوەوە لە زمانە جیاوازەکاندا: بە ئینگلیزی (Stick) بە فەرەنسی ( Baguette) بە ئیتاڵی( Bacchante) بە ئەڵمانی( Taktstock) ناودەبرێت، لە بنەڕەتدا ووشەیەکی لاتینی و فەرەنسیە لە ووشەی باتۆنی فەرەنسی ( bestum) ی لاتینیەوە وەرگیراوە کە بە واتای پارچە دار دێت، بۆیە توێژەر ئاماژەی بەم زاراوە بە شێوە زمانەکانی دیکە کردووە چونکە زۆرینەی زاراوە موزیکییەکان بەم زمانانە داڕێژراون.

ئامراز و ئاماژەکان لە نێو بواری موزیک ژمارەیان زۆرە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ئاڕاستەکردنی ژەنیاران و موزیکدانەران و فێرگەی موزیکی بۆ ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی موزیکێکی دروست و نمایشێکی سەرکەوتوو، باتۆنیش بە یەکێک لە ئامرازە هەرە گرنگەکانی نێو بواری موزیک دادەنرێت بەگشتی و لە نێو بواری ڕابەریکردن بەتایبەتی، بۆیە

باتۆن ئەو ئامرازەیە کە کۆنداکتەر  بۆ ئاڕاستەکردنی ژەنیارەکان بۆ ئاسانکاری و ڕوونکردنەوەی زیاتری نێو سکۆرە موزیکییەکان بەکاری دەهێنێت، تا ژەنیاران لە هەستی ژەنین و وردەکاری دانراوە موزیکیەکانی موزیکدانەر تێبگەن، کە لە نێو سکۆرە موزیکییەکاندا هەن و ویستی کۆنداکتەریش جێبەجێ بکەن.(Meier. 2009, p:24) لە ئۆرکێسترا جیاوازەکاندا بە تەواوی تێبینییەکانەوە، ئەمیش بەهۆی بەکارهێنانی باتۆنەوە لەلایەن کۆنداکتەرەوە دێتە ئەنجام و یەکێک لەو گفتوگۆ زانستی و هونەرییانە لە نێوان کۆنداکتەر ی موزیکی و ژەنیاران بەهۆی باتۆنەوە دێتە ئەنجام.

**٢.١.١.٢ پێشوەچوون و سەرهەڵدانی باتۆن و بەکارهێنانیان لە لایەنی مێژووییەوە و بە پێی سەردەمە جیاوازەکانی موزیک:** باتۆن مێژوویەکی دوور و درێژی لە جیهانی ڕابەری موزیکیدا هەیە، بەدرێژایی سەدەکان پەرەی سەندووە بەو پێیەی ڕابەرایەتی خۆی وەک ڕۆڵێکی جیاواز پەرەی سەندووە. بەگوێرەی پەرەسەندنی شێوازی ڕابەرایەتیکردن شێوازی باتۆنیش پەرەسەندنی بەخۆیەوە دیوە وەک ئامرازێک کە لەلایەن کۆنداکتەرەوە بەکاردەهێنرێت. (Lisette.2016, p:17)

**١. باتۆن و بەکارهێنانی لە سەردەمانی پێش سەردەمی بارۆک:**

بە پێی سەرچاوەکان پێش سەردەمی بارۆک ئامرازەکانی کۆنداکتەر بەکارنەهێنراوە، بۆ نموونە ئامرازی باتۆن، بە شێوەیەکی گشتی ڕابەرایەتیکردن بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕابەرایەتیکردن هەرچەندە شێوەیەکی جێگیری نەبوو وەک کۆنداکتەری تایبەت لە ئۆرکێستراکاندا بەڵام هەمیشە کراوە بە دوو بەشی جیاواز پێش سەردەمی بارۆک و دوای سەردەمی بارۆک لە نمایشە سەرەتاییەکانی کۆراڵ و ئۆرکێسترادا (پێش سەدەی ١٧) پێش بارۆک، کۆنداکتەرێکی فەرمی نەبوو وەک ئەوەی ئەمڕۆ بیری لێدەکەینەوە و دەیبینین. لەبڕی ئەوە، ئامێری هارپسیکۆرد، ئۆرگانیست، یان یەکەم ڤایۆلینژەن "کە بە کۆنسێرتماستەریش ناسراوە" زۆرجار سەرکردایەتی ئەنسەمبڵەکەی دەکرد، ئاماژەی بە زانیارییەکانی نێو دانراوە موزیکیەکان و ژەنیارەکان دەدا. (Lisette.2016، p:17) لە هەندێک بارودۆخدا کۆنداکتەر ی گروپە موزیکیەکان و ئۆرکێستراکان دەستەکانیان یان گۆچانێکی گەورە، یان تەنانەت قاچەکانیان بەکاردەهێنا بۆ پاراستنی ڕیتم، بۆیە ئەم باتۆنەی ئێستا لەبەر دەستدایە لەو سەردەمە بوونی نەبووە، شێوازی بەکارهێنانی جێگیرکردنی تەنیا تیمپۆ کە بە کۆمەڵێک ئامرازی جیاواز لە باتۆن هاتۆتەکاتیەوە مێژووەکەی بۆ ( ٧٠٠) ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە. ( Laster. 2001, p:101)

**٢. بەکارهێنانی باتۆن لە سەردەمی بارۆک:**

نمایشە موزیکییەکان بۆ جێگیرکردنی کات و ئاڕاستەکردنی ژەنیاران ڕێگەی جیاوازیان بەکاردەهێنا. یەکێک لە ئامرازە هەرە دیارەکان کە لەو ماوەیەدا بەکارهێنرا، پەڕەیەکی لولەیی  یان گۆچانێکی درێژ بوو، بەتایبەتی لە ئەنسەمبڵە گەورەکاندا.

نموونەیەکی بەناوبانگی ئەمەش ( ژان باپتیست لولییە ١٦٣٢ – ١٦٨٧)، موزیکدانەر و کۆنداکتەر  بۆ شا لویسی چواردەهەمی فەرەنسایە، کە گۆچانێکی گەورەی بەکاردەهێنا بۆ جێگیربوونی تیمپۆ، لولی بە دەنگێکی بەرز گۆچانەکەی دەکێشا بە زەویدا بۆ ئەوەی یارمەتی ژەنیاران بدات لە کاتی نمایشەکاندا تا هەڵە نەکەن و لە تیمپۆ دەرنەچن، ئەم شێوە ڕابەریکردنە پێی دەگوترا (سۆڵ-فا) ئەمە تەنیا ناوێک بوو وەک نازناوێک بۆ شێوازی ڕابەری کردنەکە، لە یەکێک لە نمایشە موزیکییەکان لولی ئەم گۆچانە دەکێشێت بە یەکێک لە پێیەکانی و دەبێتە هۆکاری توشبوونی بە نەخۆشی (گانگری) و گیان لە دەست دەدات، ئەم شێوازە بەتایبەتی لە نمایشەکانی وەک ئۆپێرا یان بالێدا بەسوود بوو بۆ جێگیرکردنی تیمپۆ وەک میترۆنۆمێک وابوو بۆ ژەنیارەکان، گوێگرتن لە یەکتر لە نمایشەکاندا بۆ موزیکژەنەکانی ئەوکات قورس بوبێت بەهۆی نەبوونی باتۆن، کۆنداکتەرە موزیکیەکان زۆرجار پەنایان بۆ ئاماژەی دەست یان ئاماژەی جەستەیی دیکە دەبرد بۆ ڕێنماییکردنی موزیکژەنەکان. (Lisette.2016, p:18-19)

**٣. بەکارهێنانی باتۆن لە سەردەمی کلاسیک:**

یۆهان ستامیتز لە ساڵی (١٧١٧-١٧٥٧) وەک  موزیکدانەر و کۆنداکتەر ، کە بە بەکارهێنانی پارچە دارێک ڕابەرایەتی کردووە و ناوبانگی دەرکرد، بەتایبەتی بۆ ئەم ئۆرکێسترایانەی کە بەرهەمی سەمفۆنیایەکیان پێشکەش کردووە. بەکارهێنانی دارێکی بچووکی بۆ پاراستنی تیمپۆ و گەیاندنی ڕێنمایی و تێبینییەکان بۆ موزیکژەنەکان، لە هەندێک لە

نمایشەکاندا ڤایۆلین ژەنی یەکەم کە بە کۆنسێرت ماستەر ناسراوە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئۆرکێستراکانی دەگرتە ئەستۆ هەمان شێوەی ڕابەریکردن بووە، بەڵام لە شوێنی تایبەتی خۆی بە جولاندنی کەوانی کەمانەکەی ئاماژەکانی بۆ ژەنیارەکانی نێو ئۆرکێستراکان شیکردۆتەوە و لە هەمان کاتدا بەردەوامی بە ژەنینەکەی خۆشی داوە. لەگەڵ زیادبوونی کارە ئۆرکێستراییەکان، ئەم پارچە دارە وەک پێویستیەک و ئامرازێکی ڕوون و دیار بۆ پەیوەندی نێوان کۆنداکتەر و ژەنیارەکان گرنگیەکی تایبەتی هەبوو. (Laster. 2001, p:23) تا ئەم کاتە، بە شێوەیەکی گشتی باتۆنەکە کورت و کێشی سووک و ئاسان بوو بۆ مامەڵەکردن و بەکارهێنان. لەو سەردەمە و دەرکەوتنی ئەم دارە بچوکەی کە لەلایەن یوهان ستامیتز بەکارهێنرا هەرچەندە شێوەکی سادەی هەبوو بەڵام بوو بە هۆکارێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ئۆرکێستراکان و وەچەرخانێک لە نمایشە ئۆرکێستراییەکان هاتە کایەوە.( Fen .2018, p:89)

## ٤. سەدەی نۆزدەهەم: باتۆن دەبێتە ستاندارد:


لە سەدەی نۆزدەهەمدا باتۆن بووە ئامرازێکی ستاندارد بۆ کۆنداکتەرەکان، بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئۆرکێسترای گەورەتر و دانراوە ئۆرکێستراییەکان پەرەیان سەند و پێکهاتەی ئۆرکێستراکان گۆڕانیان بەسەر داهات. کۆنداکتەرە بەناوبانگەکانی وەک کارل ماریا ڤۆن وێبەر و لویس سپۆهر یارمەتیدەر بوون بۆ بە فەرمیکردنی بەکارهێنانی باتۆن لە ئۆرکێستراکاندا. هەمیشە سپۆهر لە ساڵی ١٨٢٠دا، وەک داهێنەر و بەکارهێنەری باتۆن ناودەبرێت، کە بۆ یەکەمجار لە کۆنسێرتێکدا لە لەندەن، باتۆنی بەکارهێناوە، لەوێدا سوودە پراکتیکییەکانی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرز نرخێندرا. مێندێلسۆن و قوتابخانەی فرانز لیست. مێندێلسۆن ستایشی تەکنیکێکی ورد و جیاکراوەی باتۆنی کرد، کە بنەمای شێوازێکی ڕابەرایەتی بەهێز بوو، مێندێلسۆن یەکەم کەس بوو کە باتۆنی بە تەواوی بەکارهێنا بۆ گەیاندنی هەموو پرەنسیپەکانی ڕابەریکردن. لیست پێی وابوو موزیک لەسەر دەستەواژەکانی و پەیوەندییەکانی نێوان کۆنداکتەر و ژەنیارەکان بونیات نراوە، بۆیە تەکنیکێکی باتۆنی بە کارێکی گرنگ دانا لە نێو نمایشەکاندا بۆ ئاماژەدان بە زۆرترین گوزارشت بۆ سکۆرە موزیکییەکان. (Laster. 2001, p:106)

## ٥. سەدەی هاوچەرخ و باتۆن:

لە سەدەی مۆدێرندا باتۆن بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند و گەیشتە فۆرمی مۆدێرنەکەی کە ئێستا زۆرینەی کۆنداکتەرەکان بەکاری دەهێنن. بە شێوەیەکی باو لە کەرەستەی وەک دار، فایبەر گلاس، یان ڕیشاڵی کاربۆنی دروست دەکرێت و درێژییەکەی دەگۆڕێت بە پێی ویست و گونجاندنی لەگەڵ کۆنداکتەرەکە، دەبێت بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان ١٢ بۆ ١٦ بێت. کۆنداکتەرە مۆدێرنەکان دەتوانن بە پشتبەستن بە ئارەزووی کەسی خۆیان و ئەم شوێنەی نمایشەکەی لێ ئەنجام دەدەن ماددە و درێژی و هاوسەنگی باتۆکەکانیان هەڵبژێرن. (Fen .2018, p:34) ئەمڕۆ لە جیهانی موزیکدا کاتێک کۆنداکتەری موزیکی باتۆن بەدەستەوە دەگرێت کۆمەڵێک لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، جگە لە لایەنی پراکتیکییەکەی، واتای سەرکردە و کۆنداکتەر ی تەواوی ئۆرکێستراکە دەکات و کۆمەڵێک تەکنیک و جوانکاری لە ڕێگای ئەم ئامرازەوە دێتە کایەوە کە پێشووتر بەم شێوەیە ئەنجام نەدراوە و زۆر بە ڕوونی بە ژەنیاران و گوێگران دەڵێت، ئەم دانراوە موزیکییە چیە و چۆنە و گوزارشت لە چی دەکات. ئەم شێوازە بەکارهێنانەش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی ئەم کۆنداکتەرەی ڕابەری ئۆرکێستراکان دەکات، ئەم شێوە باتۆنە لە سەردەمی هاوچەرخ و ئەمڕۆ هەمان باتۆن و شێواز و دروستبوونی بەکاردەهێنرێت. دوای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە سەردەمی ئێستاماندا شێوازێکی دیکەی باتۆن هاتە کایەوە کە پێی دەگوترێت:

(باتۆنی دیجیتاڵی) ئەم باتۆنە شێوەیەکی جیاوازی هەیە لەگەڵ باتۆنی ئاسایی،کە هەمیشە بە شێوەی ( LED) دروست دەکرێت و کۆمەڵێک هەستەوەری تێدا جێگیر کراوە، کە پەستان و جوڵەکانی دەست و ناو لەپی کۆنداکتەرەکە دەگوازێتەوە بۆ سۆفتویرەکانی بەستراو بە تەکنەلۆژیاکانەوە باتۆنی دیجیتاڵی بۆ کۆنداکتەر ئاماژە بە ئامرازێکی تەکنەلۆژیای مۆدێرن دەکات کە بۆ یارمەتیدانی کۆنداکتەران لە کارەکانیاندا دروستکراوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی دیجیتاڵی یان ڤێرچواڵی ئەمە ڤێرژنێکی پێشکەوتووی ئەلیکترۆنی باتۆنی کۆنداکتەری لاسایی کەرەوەیە، زۆرجار بە هەستەوەر، تەکنەلۆژیای بەدواداچوونی جوڵە، یان تایبەتمەندی کارلێک کە ڕێگە بە کۆنداکتەرەکە دەدات کۆنترۆڵ بکات یان کاریگەری

هەبێت لەسەر ئامێرە دیجیتاڵییەکان، نەرمەواڵەی بەرهەمهێنانی موزیک کاریگەری لەسەر جوڵەکانی کۆنداکتەر دەبێت، لەگەڵ هەر جوڵەیەکی کۆنداکتەر ئاستی دەنگەکان بەرز و نزم دەبنەوە ئەمە بە نوێکارییەکی تەکنەلۆژی موزیکی دادەنرێت. ئەم داتایانە دەتوانرێت وەربگێڕدرێن بۆ سیگناڵەکانی کۆنترۆڵ بۆ ئامێرە ڤێرچواڵییەکان یان نەرمەواڵەی موزیکی، کە ڕێگە بە کۆنداکتەرەکە دەدات لە بۆشایی دیجیتاڵیدا "ڕابەرایەتی " بکات. هەندێک لە جوڵەکان لەوانەیە ڕووکەشێکی هەستیاریان هەبێت یان ئاماژە بەکار بهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی کێش و داینامیک و لایەنەکانی تری نمایشی موزیکی، هاوشێوەی چۆنیەتی ڕێنمایی باتۆنێکی ئاسایی لە ئۆرکێستراکاندا.( Lisette.2016، p:45-50)



شێوەی ژمارە (١) باتۆنی دیجیتاڵی

### ٢.١.١.٣ شێوازەکانی ڕابەرایەتیکرن بە بەکارهێنانی باتۆن و بێ باتۆن:

### ١. ڕابەرایەتیکردن بەبێ بەکارهێنانی باتۆن:

ئەم شێوازە زیاتر لە لایەن کۆنداکتەرە کۆراڵییەکانەوە بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی ئەم کۆنداکتەرە کۆراڵییانەی لە کڵێسا و کاتدراییلەکاندا نمایش دەکەن، ئەمەش بۆ ئازادکردنی هەردوو دەستی کۆنداکتەرەکە تا بتوانێت زۆرترین دەربرین بە هەردوو دەستی بکات، ڕێگە بە ڕابەری کۆراڵی دراوە کە پەنجەکانی دەستی ڕاستی بە ئازادی دەربخات بۆ دەربڕینی بچوکترین ووردەکاری و تێبینی. بۆیە کۆنداکتەری کۆراڵی زیاتر پێویستی بە جوڵەی دەستی هەیە، بەڵام بەبێ زیادە ڕۆیی لە جوڵەی لەشدا، جگە لە کۆنداکتەرە کۆراڵییەکان زۆرێک لە کۆنداکتەرەکانی ئەمڕۆ کە باتۆن بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێکیان وەک لیۆناردۆ بێرنشتاین و پییر بۆلێز، هەروەها لیۆپۆڵد ستۆکۆڤسکی و دیمیتری میترۆپۆلۆس، کە کەسایەتی پێشەنگ بوون لە پێشکەشکردنی موزیکی سەدەی بیستەمدا. (Barry. 2017, p:5) لە هەندێک نمایشدا بە دەستەکانیان کاری ڕابەرایەتی بەبێ بەکارهێنانی باتۆن ئەنجام دەدەن، پشتیان بە ئاماژەی دەستی دەربڕین بەستووە بۆ گەیاندنی وردەکارییەکانی نێو پارچە موزیکەکاندا، کە بە شێوەی سکۆر داڕێژراون، ئەم گۆڕان و شۆڕشەی لە موزیکی مۆدێرن و هاوچەرخ ڕوویدا کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر بەکارهێنانی باتۆن هەبوو، (James. 2001، p:157) بەهۆی ئەم گۆڕانە لە کێشی باڕەکان بە شێوەیەکی بەردەوام پییر بۆلێز پێی وایە لە موزیکی هاوچەرخدا بۆ ڕابەریکردن باشترە باتۆن بەکارنەهێنرێت، چونکە ئەم ئاڵۆزی و گۆڕانە یەک بەدوای یەکەکانی نێو دانراوە موزیکییەکانی ئەم سەردەمە ئاڵۆزیەک دروست دەکات بۆ کۆنداکتەر، بۆیە وا شیاوترە کە دەستەکانی بە ئازادانە گوزارشت لە دانراوە موزیکییەکان بکەن، کە لەو سەردەمە هەن. دەشێت کۆنداکتەر بۆ دانراوە موزیکییەکانی شێوازی هاوچەرخ بەکاربهێنێت، بەڵام ئەگەر ئاڵۆزی و ناڕوونی دروست بوو لەلایەن ژەنیارەکانی نێو ئۆرکێستراکان، پێویستە کۆنداکتەرەکە پلانی دیکە بگرێتەبەر ئەویش بەکارنەهێنانی باتۆنەکەیە، بەڵام ئەگەر هۆکارەکەی باتۆن بێت. توێژەران پێیان وایە بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی باتۆن دەوەستێتە سەر جۆری ئەم موزیکەی کە پێرفۆرمی دەکەیت، واتە دەبێت کۆنداکتەر لە تەواوی دانراوە موزیکییەکە تێبگات کە ئایا پێویست بە بوونی باتۆن دەکات یاخود نا، چونکە گشت ئەم جولانەی کە کۆنداکتەر ئەنجامی دەدات لە ڕابەریکردن بە باتۆن دەبێت ماناداربن، چونکە ئەم ئامرازە بۆ نمایشی کەسی نییە دەبێت گشت جوڵە و ئاماژەکان مانادار و مەبەست دار بێت.( Wittry. 2014, p:76)

### ٢. ڕابەرایەتیکردن بە باتۆن:

دوای چەندین ساڵ لە کاری ڕابەرایەتیکردن بە دەستەکان، باتۆن سەری هەڵدا، وەک ئاسانکاری و یارمەتیدەر لە نێوان کۆنداکتەر و ژەنیارەکان، پێش باتۆن کۆنداکتەرەکان ئاماژەکانیان تەنیا بە دەستەکانیان بوو، بەبەکارهێنانی ئامرازی

باتۆن دەتوانرێت نمایشێکی پوخت و واتا بەخش پێشکەش بکرێت، ئەم شێوازە باوە پێویستی بە ڕاهێنان و لێهاتوویەکی زۆر هەیە بۆ دەربڕینی موزیکی لە ڕێگای باتۆنەوە، هەمیشە باتۆنەکە لە دەستی ڕاست دەبێت، بەڵام هەندێک لە کۆنداکتەران بە دەستی چەپ بەکاردەهێنن، کە ئەم شێوەیەش دەگمەنە، (Meier. 2009, p: 33) دەستی ڕاست زیاتر بۆ ڕاگرتنی تیمپۆ بەکاردەهێنرێت و دەستی چەپ زیاتر ئازادە بۆ لایەنی دەربڕین بۆ نموونە: گوزارشتەکان و داینەمیکەکان، ئارتیکولەیشنەکان، هەروەها دەستی ڕاستیش دەتوانرێت بۆ دەربڕینە موزیکییەکان بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەگەر تیمپۆیەکە جێگیربوو. هەر کاتێک کۆنداکتەر بڕیاریدا لەسەر بەکارهێنانی باتۆن دەبێت دوور بێت لە بەکارهێنانی قاچەکانی و یان هەر ئامرازێکی دیکە بۆ جێگیرکردنی تیمپۆکە. هەمیشە ئەو کۆنداکتەرانەی هەوڵی بەکارهێنانی باتۆن دەدەن لە ڕووی تەکنیکەوە ئاستێکی بەرزتر پێشان دەدەن وەک لەوانەی کە بەکاری ناهێنن. ئەم کۆنداکتەرانەی کە باتۆن بەکارناهێنن بە هەر هۆکارێک لە ئۆرکێستراکەدا، دەبێت بەکارهێنانی بگرێتە ئەستۆ لەسەر داواکاری ژەنیاران و ئۆرکێستراکە، بۆیە هەوڵدان و پراکتیک کردن کارێکی زیرەکانە و ئەرێنیە، نابێت کەسێک هەوڵی بوون بە کۆنداکتەر بدات و نەتوانێت باتۆن بەکاربهێنێت، دەبێتە خاڵێکی لاوازی ئەم کۆنداکتەرە موزیکییە، بۆیە بە پێی سەرچاوە زانستییەکان بەکارهێنانی ئامرازی باتۆن وەک ئامرازێک ناو دەبەن بۆ کۆنداکتەری موزیکی مەبەست لە ڕابەریکردنی ئەم ئۆرکێسترایانەن کە ئامێرین، چونکە جیاوازە لەگەڵ کۆراڵی یان تەنیا کۆرس. ئەم ئامرازەی کە زۆرترین پەیوەندی لەگەڵ کۆنداکتەر هەیە باتۆنە، لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئەمڕۆش باتۆن بۆ ئاماژە و ڕوونکردنەوە تایبەتەکان لە نێو ئۆرکێسترا جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێت. بەکارهێنانی باتۆن بە پێی سکۆرە موزیکیە جیاوازەکان دەگۆڕێت و درێژی و کورتی ئەم ئامرازە دەوەستێتە سەر جۆر و شێوەی ئۆرکێستراکان واتە قەبارەی باتۆنەکە بە پێی جۆری ئۆرکێسترا و ژمارەی ژەنیارەکان دەگۆڕێت. باتۆن یارمەتی کۆنداکتەر دەدات کە بتوانێت بەئاسانی و بە ڕوون و دروستی تیمپۆ و داینامیک و دەستەواژە موزیکییەکان بە ژەنیارەکان بگەیەنێت.( Konttinen. 2008, p:27) بە بوونی باتۆن هەمیشە گەیاندنی تێبینیەکان بۆ ژەنیار و کۆنداکتەر ئاسانتر دەکات، بەتایبەتی لە ئۆرکێسترا گەورەکان و دەبێتە هۆکارێک کە ژەنیار بەئاسانی دەستی کۆنداکتەر و تێبینیەکان ببینێت و لێکدانەوەی بۆ بکات، چونکە هەر جوڵەیەکی دەستی کۆنداکتەر بە بەکارهێنانی باتۆن گوزارشت لە ڕستە موزیکییەکانی موزیکدانەر دەکات، بە گشت وردەکارییەکانەوە وەک نموونە ( تیمپۆ: واتە ڕێکخستنی کات، داینەمیکەکان واتە: چەندێتی بەرزبونەوە و نزمبونەوەی دەنگ، ئارتیکولەیشنەکان: واتە چۆنیەتی ژەندنی نۆتە موزیکییەکان، ئۆرنەمێنتەکان واتە : چۆنیەتی ژەنینی جوانکاریەکان لە موزیکدا). ( Talgam. 2015, p:49)

## ٢.١.١.٤ بۆچوونەکان لەسەر گرنگی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی باتۆن لەلایەن کۆنداکتەرەوە:

بەپێی ئەم سەرچاوانەی باس لە بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی باتۆن دەکەن بۆچونی جیاوز هەن بۆیە توێژەران بە چەند خاڵێک هۆکارەکان دەخەنەڕوو:

١ – باتۆن وەک ئامرازێک پێویستە لە گروپە ئامێرییەکان بەکاربهێنرێت نەک لە گروپەکانی کۆراڵ و کۆرس، بۆچی؟ چونکە کۆرسەکان خۆیان دەبێت پێرفۆرمی بیتەکان واتە ترپەکان بکەن، وەک سێکشنی پێرکەیشن لە ئۆرکێسترای ئامێرییەکان، بەشی ڤایۆلین دەبێت وەک کۆرس میلۆدییە سەرەکییەکە بژەنن وەک ئەوان پێرفۆرم بکەن. ( Max. 1950, p:19)

٢ – ئاماژەدان بە خاڵی دەستپێک و کۆتای بە باتۆنەوە، ئەمەش هەڵەیە، چونکە دەکرێت بەبێ بەکارهێنانی باتۆن بە دەستەکانیش ئەم ئاماژەیە ڕوون و مانادار بێت. (Brock. 1966, p:13)

٣ – هەمیشە بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەن کە بەکارهێنانی باتۆن زیاتر لەلایەن ژەنیارانەوە دیارە و بەهۆیەوە جوڵەکان ڕوونتر دەبن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگی باتۆنەکە کە سپیە و هەمیشە کۆنداکتەرەکان جلی ڕەش دەپۆشن بۆیە وەک ڕەنگێکی جیاواز دەردەکەوێت بۆ ژەنیاران.

٤ – لە ڕووی مەودای بینینەوە هەمیشە باتۆن باشتر دیاردەبێت لە ژەنیارانی ئۆرکێسترا وەک لە دەستەکان. ( Brock. 1966, p:16)

### ٢.١.١.٥ چەند خاڵێکی لۆجیکی دەخەینەڕوو سەبارەت بە بەکارنەهێنانی باتۆن بۆ هەندێک بابەتی جیاواز:

١ – بە بەکارهێنانی باتۆن شێوازی نەرمبوونی ئاماژەی دەستەکان کەم دەکاتەوە بەتایبەتی بۆ دانراوەکانی ڤۆکاڵی، بۆ نموونە شێوازی ( کانتابێل) واتە ژەنین بە شێوازێکی گۆرانی ئامێز، واتە بە دەستەکان دەتوانرێت زیاتر ئەم نەرمییەی کە پێویستە لە فۆرمەکەدا بێتە کایەوە. (Max. 1950, p:22)

٢ – ئەو کۆنداکتەرانەی کێشەی لەرزینی دەستەکانیان هەیە، بەبەکارهێنانی باتۆن لەرزینەکە تا ئاستێکی زۆر زیاد دەکات، لە هەر شڵەژانێکی کۆنداکتەر زۆر بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت بەهۆی باتۆنەوە.


٣ – باتۆن دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی پێرفۆرمانسی هەندێک شوێنی تایبەت لە نێو دانراوە تایبەتەکانی ڤۆکاڵی چونکە پێویستە کۆنداکتەر تەواوی پەنجەکانی ئازادبن بۆ پێرفۆرمانسێکی سەرکەوتوو. (Henry. 1891, p:53)

**٢.١.١.٦ پێکهاتەو دروستکردنی باتۆن:** باتۆن دوو خاڵی هەیە خاڵێکیان کە لە سەرووی باتۆنەکەوەیە باریک و تیژە ڕووی لە ژەنیارەکان دەبێت خاڵێکی دیکە کە لە نێو دەستەکانی کۆنداکتەر جێگیر دەکرێت و بۆ جێگیرکردنی دارێکی شێوە هێلکەیی دروست دەکەن، تا بەئاسانی کۆنداکتەر بتوانێت جێگیری بکات لە نێو دەستەکانی بە زۆری لە کۆرک دروست دەکرێن، کۆرک واتە پەلکی داری گەورە، چونکە لە ڕووی قورساییەوە سوک و تەنکە تا ئەم قورسیاییەی هەیەتی کۆنداکتەرەکە بێزار نەکات و بەئاسانی بەکاریبهێنێت کاریگەری نەبێت لەسەر پێرفۆرمانسی کۆنداکتەرەکە. ( .Henry 1891, p:86) درێژی باتۆن بە شێوە ستانداردەکەی شێوەیەکی گشتی لە نێوان ١٢ بۆ ١٦ ئینچ (٣٠ بۆ ٤٠ سم) دایە، کە باوترین قەبارە لە دەوروبەری ١٤ ئینچ (٣٥ سم) دەبێت. درێژی گونجاو بەندە بە ئارەزووی کۆنداکتەری موزیکی و قەبارە و درێژی دەست و شێوازی ڕابەرایەتیەکەی. هەندێکیان باتۆنی کورتتریان پێ باشترە بۆ کۆنترۆڵکردنی زیاتر، هەندێکی تریش باتۆنی درێژتر بەکاردەهێنن بۆ زیادکردن و بینینی باشتر. ئەو کۆنداکتەرانەی کە باتۆن بەکاردەهێنن، زۆرجار بە پێی تایبەتمەندی و ویستی خۆیان دروستیان دەکەن، پێداگری لەسەر دارێک و درێژی و کورتی دەکەن کە لەگەڵ داواکارییە جەستەییەکانیان و سروشتی شێوازی نمایشکردنیان بگونجێت. (Talgam. 2015, p:39) بۆ نموونە (سێر هێنری وود) ، باتۆکەکانی لەلایەن کۆمپانیای (پاڵمەر) دروستکرد و تایبەتمەندی ئەم باتۆنە جیاوازبوو، درێژی و کێشی باتۆنەکە زۆرجار بەپێی ئارەزووی کۆنداکتەرە موزیکیەکە دەبێت بە پێی ئاسوودەیی و دەربڕینی کۆنداکتەرەکە دەگۆڕێت و گونجاندنی بۆ دەکرێت. ( Cutts. 2004, p:23) بۆ نموونە پەسەندکردنی (سێر هێنری) بۆ باتۆنی درێژ بە شێوەیەکی گشتگیر هاوبەش نەبوو. (هێربێرت ڤان کارایان) باتۆنی کورتی پێ باشتر بوو، لە کاتێکدا (سێر جۆن باربیرۆلی) دارێکی درێژی مامناوەندی هەڵبژارد، (Bowen. 2003, p: 24) واتە لە ڕووی درێژی و کورتیەوە هیچ یاسایەکی جێگیر و نەگۆڕ نییە کە دەبێت درێژیەکەی دەبێت چەند بێت، گرنگ ئەوەیە کۆنداکتەر بتوانێت بەئاسانی بەکاربهێنێت بۆ ئاڕاستەکردنی ئۆرکێستراکان، کە بە چ شێواز و خێرایەک پارچە موزیکەکان بژەنن و ڕابەرایەتی چ جۆرە ئۆرکێسترایەک بکەن، بە شێوەیەکی ئاسایی، باتۆن دەبێت بە شێوەیەکی ئەندازەیی لەگەڵ جەستەت بگونجێت. بەگشتی دەبێت درێژی باتۆنێک بە نزیکەیی لە بنەمای ناوەوەی پێشەوەی قۆڵتەوە تا جومگەی ناوەڕاستی پەنجەی ناوەڕاستت بێت. بەڵام ئەگەر ڕابەرایەتی ئۆرکێسترایەکی گەورە بکەیت، دەبێت باتۆنی کەمێک درێژتر بەکاربهێنیت. ئەگەر کۆنداکتەر ی ئەنسەمبڵێکی بچووک بکەیت کە لە ژەنیارەکان نزیکتر بیت، باتۆنی کەمێک کورتر بەکاربهێنیت باشترە. ( Fen .2018,p: 35)

چەندین شێوەی جیاواز هەیە و دەتوانێت قورس بێت یان سوک. کۆنداکتەر بڕیار دەدات کامیان باشترینە بۆ دەستەکانی. ئەو شوێنەی باتۆن کە لە ناو لەپی دەست جێگیر دەکرێت چەند شێوەیەکی هەیە، ، شێوەکانی ژمارە (٢) و ژمارە (٣) ئەو شێوانەن کە دەوەستێتە سەر ویستی کۆنداکتەر کە لەگەڵ کامە شێوە ئاسودەیە. لە هەمان کاتدا ڕەنگەکان بە پێی ویستی کۆنداکتەرە و هەر ڕەنگێک بێت ئاساییە، بەڵام زیاتر ڕەنگی قاوەی و ڕەش و مارۆنی بەکاردەهێنرێت. ( .Meier 2009, p: 79)



شێوەی ژمارە (٢) شێوەکانی باتۆن




شێوەی ژمارە (٣) پێوانەی باتۆنەکان

### ٢.١.١.٧ بەکارهێنانی باتۆن بە دەستی ڕاست و چەپی کۆنداکتەر :

بەکارهێنانی دەستی ڕاست هەمیشە وەک شێوە ستاندارد و باوەکە ناسراوە، واتە زۆرینەی کۆنداکتەرەکان بە دەستی ڕاست باتۆنەکە بەکاردەهێنن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە زۆرینەی خاڵک دەستە ڕاستن لە جیهاندا بۆتە هەڵبژاردەیەکی سروشتی بۆ جوڵەکان و باڵا دەسترە و هەمیشە سۆلیست چ وەک ژەنیار چ وەک ڤۆکاڵ لە دەستە چەپی کۆنداکتەر دەوەستن بۆ ئەوەی زۆرترین ڕوونکردنەوە و ئاماژە بە سۆلیستەکان بکرێت، هەر بۆیە باشترە بە دەستی ڕاست باتۆن بگیرێت. (Fen .2018, p:78) ئەو کۆنداکتەرانەی دەستی ڕاستیان بۆ گرتنی باتۆن بەکاردەهێنن پێیان وایە کە دەستی چەپ دەبێت بۆ ئاماژە و هێماکانی نێو سکۆرە موزیکییەکان بێت واتە دەستی چەپ زیاتر ئازاد بکرێت بۆ دەربڕین و گوزارشتەکان. ( Cutts. 2004, p:42) هەندێک لەو کۆنداکتەرانەی کە چەپەن وەک (پاڤۆ بێرگلۆند و ئارتۆرۆ تۆسکانینی) پێیان باش بوو باتۆنەکە بە دەستی چەپەوە بگرن، ئەم شێوازە زیاتر بۆ کۆنداکتەرەکانی دەستی چەپەن هەست بە ئاسودەیی دەکەن، کە بەم شێوەیە باتۆن بەکاربهێنن، بەڵام ئەم شێوازە کەمتر باو بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆرینەی کۆنداکتەرەکان دەستی ڕاستیان بەکاردەهێنن بۆ گرتنی باتۆن دەبێت بە دەستی چەپەش ڕاهێنان بکەن چونکە هەندێک جار کۆنداکتەر بە هۆی برینداربوونی دەستی ڕاستیان دەبێت پەنا بۆ دەستی چەپیان ببەن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بۆیە، پێویستە لەسەر کۆنداکتەر شێوازی دووەمیش بەکاربهێنن کە دەستی چەپەیە. هەروەها حەز و ئارەزووی کەسی کاریگەری هەیە، لە کاتێکدا زۆربەی کۆنداکتەرەکان پابەندن بە نەریتی گرتنی باتۆن بە دەستی ڕاست، هەندێکیان ڕێگەیەکی جیاواز بەکاردەهێنن لەسەر بنەمای ئاسوودەیی، شێواز، تەکنیکە کەسییەکان. (Brock. 1966, p:14)

### ٧.١.٢.١.١ شێوەی بەکارهێنان و چۆنیەتی گرتنی باتۆن:

گرتن و بەکارهێنانی باتۆن بە شێوەیەکی کاریگەر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کۆنداکتەر بتوانێت پەیوەندییەکی ڕوون و دیار و زانستی لەگەڵ ئۆرکێستراکەدا هەبێت. گرتنی باتۆن بۆ ئەم کۆنداکتەرانەی کە لە سەرەتای بەکارهێنانی باتۆندان کەمێک سەختە بەتایبەتی ئەم کۆنداکتەرانەی لەگەڵ دەسپێکی ڕابەریکردن پەنایان بۆ بەکارهێنانی دەستەکانیان بردووە بەبێ بەکارهێنانی باتۆن، چونکە هەمیشە ئەم پەیوەندیە تەواوەی لە نێوان دەست و باتۆنەکەدا هەن بە تەواوی جێبەجێ ناکرێت، چونکە هەمیشە بەکارهێنانی دەست کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر پێرفۆرمی باتۆنەکە. هۆکارێکی دیکە بەکارهێنانی تەنکنیکەکانی باتۆنە ئەگەر کۆنداکتەر لە سەرەتادا بە دەستی باتۆنی بەکارنەهێنابێت بۆ پیشاندانی کۆتایی دەستەکانی بەکارهێناوە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڵام لەگەڵ بەکارهێنانی باتۆن پیشاندانی کۆتایی بە دەستە نابێت کە باتۆنەکەی پێگیراوە واتە گۆڕان لە شێوازی ڕابەریکردن دەگۆڕێت بە بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی باتۆندا. کاتێک

کۆنداکتەر یکی باش دەستی بە باتۆنێکەوە دەگرێت دەبێتە بەشێکی سروشتی خۆی واتە نابێت وەک بەشێکی جیاواز لە بەشەکانی جەستە سەیر بکرێت. (Colson.2012, p:105) پێویستە لە کاتی بەکارهێنانی باتۆن بە دەستی ڕاست ئازادیەک بدەیت بە دەستی چەپ و نابێت باتۆنەکە بە دەستی چەپە بکەوێت لەکاتی جوڵەی باتۆنەکە بە دەستی ڕاست، لێرەدا ڕێنمایی هەنگاو بە هەنگاو دەخەینەڕوو سەبارەت بە چۆنیەتی گرتن و بەکارهێنانی باتۆنە:

١. هەڵبژاردنی باتۆنی ڕاست و دروست: پێش ئەوەی کۆنداکتەر فێری گرتنی باتۆن بێت، زۆر گرنگە باتۆنێک هەڵبژێرێت کە بەئاسوودەیی لە دەستدا جێی ببێتەوە و بتوانێت بەئاسانی و بە شێوەیەکی زانستی پێرفۆڕمی بکات. باتۆنەکان لە درێژی و کێش و مادەدا جیاوازن، بۆیە پێویستە یەکێکیان هەڵبژێردرێت کە کۆنداکتەر هەست بە هاوسەنگی و ئاسوودەیی بکات. (Brock. 1966، p:14)

٢. کێش: پێویستە کۆنداکتەر بۆ هەڵبژاردنی باتۆنەکەی هەست بە ئاسودەیی بکات و هاوسەنگ بێت، لە ئەنجامدا بەبێ ماندووبوونێکی زۆر بەئاسانی جوڵەی ئەم دەستەی کە کە باتۆنەکەی پێهەڵگرتووە دێتە ئەنجام و نمایشێکی سەرکەوتوو دێتە کایەوە، چۆن دەزانێت کە باتۆنەکە لە ڕووی کێشەوە کێشێکی دروستە بۆ دەستی کۆنداکتەر ؟ خاڵێک هەیە لە باتۆندا پێی دەڵێن خاڵی هاوسەنگی (balance point) لە باتۆندا پەنجە دەخەیتە ژێر باتۆنەکە کە دوای شوێنی گرتنەکە دێت، ئەگەر باتۆنەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ وەستا واتە ئەم باتۆنە دروستە بۆ دەستەکانت، ( Talgam. 2015, p:37) بەڵام ئەگەر جوڵەی کرد و هاوسەنگ نەبوو پێویست بە هەڵبژاردنی باتۆنێکی دروستر دەکات بۆ دەستەکانت وەک لەم وێنەی ژمارە (٤) دا خراوەتەڕوو:




شێوەی ژمارە (٤) خاڵی هاوسەنگی باتۆن

٣. جێگیرکردنی باتۆن لەناو لەپی دەستتدا: بە ئینگلیزی واتە لەناو (palm) پێویستە باتۆنەکە بەئاسوودەیی لەناو لەپی دەستدا جێی ببێتەوە بەبێ ئەوەی بخلیسکێت، کۆنترۆڵکردنی باتۆنەکە خاڵێکی گرنگ دەبێت بۆ ئەوەی کۆنداکتەرەکە بەئاسانی پێرفۆڕمێکی سەرکەتوو ئەنجام بدات، دەبێت جێگیربێت و بە بەهێزی بگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەندە بە بەهێزی بیگرێت کە کاریگەری لەسەر توندبوونی پێرفۆرمی کۆنداکتەر بکات. (Colson.2012, p:105)

٤. شێوازی گرتنی باتۆن: لە کۆنداکتەرێک بۆ کۆنداکتەرێکی دیکە جیاوازە، بەگوێرەی ئاسوودەی و جوڵانی دەستەکانە، بۆیە لێرەدا توێژەران چەند جۆرێک لە گرتن و هەڵگرتنی باتۆن دەخەنە بەردیدی خوێنەر کە وەک شێوەیەکی ستاندار هەمیشە باتۆن بەو شێوەیە دەگیرێت، ماکس ڕودۆڵف ئامۆژگاری کۆنداکتەرەکان دەکات کە باشترین ڕێگە بۆ گرتنی باتۆنەکە بە پەنجەی گەورە و کە پەنجەی یەکەمە و بە پەنجەکانی دووەم و سێیەم دەگیرێت و پەنجەی چوارەم و پێنجەم دەوری باتۆنەکە دەدەن، دەبێت باتۆن درێژپێدەری قۆڵی کۆنداکتەر بێت واتە دەبێت ببێت بە بەشێک لە جەستەی کۆنداکتەر . (Brock. 1966, p:14)

لە شێوەی ژمارە (٥)دا دانانی پەنجەکان و جێگیرکردنیان بۆ گرتنی باتۆن ڕووندەکەینەوە:




شێوەی ژمارە (٥) جێگیرکردنی پەنجەکان لەسەر باتۆن


دوای ئەوەی بەشی خوارەوەی باتۆنەکە لە نێو لەپی دەست (palm) جێگیرکرا، دواتر دەبێت پەنجەی (thumb)پەنجەی یەکەم بەشێوەیەکی ڕاست لەسەر باتۆنەکە دابنرێت و بەهەمان شێوە پەنجەی (index finger)پەندەی دووەم لە بەشی سەرەوەی باتۆنەکە جێگیر بکرێت، بەڵام کەمێک شێوەیەکی کەوانەیەکی یان چەماوەیی دەبێت، ئەو دوو پەنجەیە شێوەیەکی وەک شێوە پیتی (C) دروست دەکەن، سێ پەنجەکەی دیکە پەنجەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم شێوەیەکی دەورەدراو لە باتۆنەکە پێکدەهێنن و دەبێت زۆر بە هێواشی دەوری باتۆنەکە بدەن. (Max. 1950, p:23) بە شێوەیەکی گشتی نابێت هیچ گرژبوونێکی ماسولکەکان ڕووبدات، چونکە دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ زوو ماندووبوون و کاریگەری لەسەر پێرفۆرمی کۆنداکتەرەکە دەبێت. ( Cutts. 2004, p:52)

ئەمانەی ئاماژەیان پێدرا شێوازێکی ستانداردی جیهانین بۆ کۆنداکتەر، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی جیاواز هەن کە کۆنداکتەرەکان بەکاری دەهێنن بۆ گرتنی باتۆن کە دەتوانین بڵێین ئەمانە ستاندارد نین، بەڵام هەڵەش نین، چونکە خاڵی یەکەم و کۆتایی بەکارهێنانی باتۆنەکە بە شێوەیەکی دروست و لە ئەنجامدا ئەداییکی نایاب و نمایشێکی سەرکەوتوو ئامانجەکەیە، شێوەی ژمارە (٦) چەند وێنەیەکن کە چۆنیەتی گرتن و جێگیرکردنی باتۆن لە دوو کۆنداکتەری جیهانی جیاوازدا دەخەنەڕوو:



شێوەی ژمارە (٦) چۆنیەتی گرتنی باتۆن

شێوەی ژمارە (٧) سێ شێوازن کە هەریەکێکیان لە ڕووی گرتنی باتۆنەکەوە لە ئاسانترین بەرەو قورسترین ئاست دیاریدەکەین:




شێوەی ژمارە (٧) چۆنیەتی جێگیرکردنی باتۆن لە ئاسانترین بۆ قورسترین


پۆزێشنی یەکەم: بە شێوەیەکی سوک و ئاسان باتۆنەکەی لە نێو دەستی جێگیر کردووە، وە پۆزێشنی دووەم: بە شێوازێکی کەمێک قورستر لە پۆزێشنی یەکەم باتۆنەکەی گرتووە بەڵام لە پۆزێشنی سێیەم: شێوازی گرتنەکە تەواو قورسە، کە لە هەردوو پۆزێشنی یەکەم و دووەم قورستر باتۆنەکەی هەڵگرتووە. لێرەدا مەبەستمان لە شێوەی گرتنی باتۆنەکەیە، ئەم شێوازانە هیچیان هەڵە نین چونکە بەگوێرەی ئەو دانراوە موزیکیەی ڕابەری دەکرێت شێوازەکان گۆڕانی بەسەر دادێت، کە مەبەست لە گوزارشتی دانراوە موزیکییەکانە، لەگەڵ هەموو دۆخەکاندا نابێت باتۆن بە شێوازێک بگیرێت کە کۆنداکتەرەکە هەست بە ماندووبوون و هیلاکی بکات، چونکە ئەگەری هەیە کۆنداکتەر کاتی گرتنی باتۆنەکەی بۆ ماوەیەکی زۆربێت ئەگەر بەم شێوازە گرتنە باتۆنەکە بەکاربهێنێت ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر پێرفۆرمکردنێکی ئاست بەرز. ( Cutts. 2004, p:63) لێکچوونێکی تەواو هەیە لەسەر گرتنی باتۆن و ئامێرە موزیکییەکان، یەکەم خاڵ لە گرتنی ئامێر نابێت ژەنیار هەست بە گرژی ماسولکەکانی بکات بە هەمان شێوە کۆنداکتەریش لەکاتی بەکارهێنانی باتۆنەکە نابێت گرژی لە هیچ ماسولکەیەک دروست ببێت. (Max. 1950, p:23)

**٢.١.١.٨: ئاراستەی باتۆن:**

پێویستە هەمیشە ئاراستەی باتۆن بەرەو گۆشەی سەرەوە بێت و نابێت هاوتەریب بێت لەگەڵ زەوی، هۆکارەکەشی بۆ ئەوەی ژەنیاران و ڤۆکاڵیستەکان بەئاسانی بتوانن بەشی سەرەوەی باتۆنەکە ببینن بە شێوەیەک کە ڕوون و دیاربێت، پێویستە لەکاتی جوڵەدا مەچەکت زۆر بە نەرمی بجوڵێنرێت تا هیچ گرژیەک لە پێرفۆرمدا دروست نەبێت، پێویستە قۆڵ و پێش قۆڵ بە ئاسۆیی بمێنێتەوە زۆربەی جوڵەکان پێویستە لە پێشەوە و مەچەکەوە بێت نەک لە شان، بۆ وردبینی و کۆنترۆڵکردنێکی زانستی، ئەم جوانکاریانە لەسەر بنەمای زانستی داڕێژراون بۆیە پێویستە کۆنداکتەر پابەندبێت بە ڕێنماییە دروستەکان. (Max. 1950, p:27)


**٢.١.١.٩ جۆرەکانی باتۆن:** باتۆن جۆری زۆرە لە شێوازی دروستکردن و بەرهەمهێنانی بەگوێرەی دەستی کۆنداکتەر، بەڵام بە جیاواز لەگەڵ ئەمانە هەمیشە باتۆن لە ڕووی قەبارە و درێژییەوە جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی بۆ ئۆرکێسترا جیاوازەکاندا، جۆری باتۆن پەیوەستە بە جۆری ئەم ئۆرکێسترایەی کە ڕابەرایەتی دەکرێت. لێرەدا دوو جۆر باتۆن هەیە:

**١: باتۆنی گروپی بچووک: ( Small Orchestra baton)** ئەم باتۆنە زۆر درێژ نییە کورتە و هەمیشە بە شێوە گشتییەکەی شوێنی جێگیربوونی لە نێو لەپی دەست کەمێک شێوە هێلکەیی و خڕی هەیە، ئەم جۆرە باتۆنە بۆ ئۆرکێسترا بچووکەکان بەکاردەهێنرێت، مەبەستمان لە بچووک لە ڕووی ژمارەوە بۆ نموونە ( ئۆرکێسترای ئامێرە ژێدارەکان- String Orchestra) ئۆرکێسترای ئامێرە فووداره‌کان (winds orchestra)، ( ئۆرکێسترای ژوور Chamber Orchestra)، ئەم ئۆرکێسترایانە لە ڕووی ژمارە و جۆری ئامێرەکانەوە کەمترە بەراورد بە ئۆرکێسترا گەورەکان ، بۆیە ئەم جۆرە باتۆنە بەکاردەهێنرێت وەک شێوە ستانداردەکەی، کە درێژیەکەی لە نێوان (٣٠ بۆ ٣٥ )سم دایە. ( Cutts. 2004, p:74)



شێوەی ژمارە (٨) باتۆنی گروپی بچووک

٢: **سیمفۆنی باتۆن: (Symphony Baton)** ئەم جۆرە باتۆنە درێژیەکەی زیاترە لە باتۆنی گروپی بچووک، بۆیە درێژییەکەی دیار ناکرێت، چونکە بەگوێرەی درێژی دەستی کۆنداکتەرەکان جێگیردەکرێت هەروەک توێژەران لە سەرەوە ئاماژەیان بەو بابەتە داوە، بەڵام بە شێوە باوەکەی درێژیەکەی لە نێوان (٣٥ بۆ ٤٠) سم دایە، دیارە بە پێی ناوەکەی ئەم جۆرە باتۆنە وەک هەمیشە بۆ ئۆرکێسترا گەورەکان بەکاردەهێنرێت بۆ نموونە (ئۆکێسترای فوول هارمۆنی Full harmonıc Orchestra، سیمفۆنی ئۆرکێسترا Symphony Orchestra)هۆکاری بەکارهێنانی ئەم باتۆنە بۆ زۆری ژمارە و جۆری ئامێرە بەشداربووەکانی نێو ئۆرکێستراکان دەگەرێتەوە، بەهۆی درێژی باتۆنەکەوە بە شێوەکی روونتر دیاردەبێت لەلایەن ژەنیارانی بەشداربوو لە ئۆرکێستراکاندا. واتە دەبێت کۆتا کەس لە رووی مەوداوە باتۆنی کۆنداکتەری لەلا روون بێت و بەئاسانی بتوانێت لە ئاماژەکانی بەکارهێنانی جوڵەکانی باتۆنەکەوە تێبگات. ( Cutts. 2004, p:87)



شێوەی ژمارە (٩) سیمفۆنی باتۆن

### ٢.١.٢ پۆدیۆم (podium):

سەکۆی کۆنداکتەری موزیکی ( Music Conductor Podium) سەکۆی کۆنداکتەر سەکۆیەکی بەرزە، کە بۆ کۆنداکتەران دروست کراوە و بۆ راهێنان و نمایشەکان بەکاردەهێنرێت. مەبەستی سەرەکی سەکۆکە ئەوەیە کە کۆنداکتەر ژەنیارەکان باشتر ببینێت لە ئۆرکێسترادا وە بە پێچەوانەشەوە. ئەمانە چەند سیمایەکی سەرەکین لە سەکۆی کۆنداکتەر :

١: سەکۆکە کەمێک بەرزە بۆ ئەوەی کۆنداکتەر دیمەنێکی روون و دیاری هەبێت لە هەموو بەشەکانی ئۆرکێسترا، بەتایبەتی لە ئۆرکێسترا گەورەکاندا کە هەندێک موزیکژەن لەوانەیە دوورییەکەیان بەم شێوەیە بێت ئەگەر کۆنداکتەر لەسەر سەکۆکە نەبێت و نەتوانن ئاماژەی دەستەکانی بە روونی ببینن (بۆ نموونە گروپەکانی براسات"مسی" و پێرکەیشن"ریتمی").

٢: ئەم بەرزبوونەوەیە واتە بەکارهێنانی سەکۆکە دڵنیایی دەدات کە ژەنیار دەتوانن بەئاسانی جوڵەکانی کۆنداکتەر ، جوڵەی باتۆن و دەربڕینی دەموچاو ببینن، کە زۆر گرنگن بۆ هەماهەنگی و گفتوگۆی نێوان کۆنداکتەر و ژەنیارەکان لە کاتی نمایشدا.

٣: قەبارە و دیزاینی سەکۆکە: سەکۆکە بە شێوەیەکی گشتی ئەوەندە گەورەیە، کە کۆنداکتەر بەئاسوودەیی جێگەی ببێتەوە کەمێک بجوڵێن لەکاتی ڕابەرایەتیکردندا، زۆرجار بە ماددەی بەهێز دروست دەکرێت بۆ دڵنیابوون لە جێگیری، چونکە کۆنداکتەرەکە لەوانەیە شوێنی خۆی بگۆڕێت یان بە بەهێزی بجوڵێت.

٤: هەندێک لە سەکۆکان وەک پەرژینێکیان هەیە بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی کۆنداکتەرەکە، بەتایبەتی ئەگەر لە شوێنی نمایشەکە بەرزبێت، زۆرجار بەهۆی گوزارشتەکان کۆنداکتەر جوڵەی جیاواز و بەهێز ئەنجام دەدات ئەگەر ئەم پەرژینە نەبێت دەبێتە هۆی بەربونەوەی کۆنداکتەرەکە کە ئەمەش کارێکی بێزارکەرە.

٥: ڕووبەری هەڵگرتن: هەندێک لە سەکۆکانی کۆنداکتەر لێواریان هەیە، کە کۆنداکتەرەکان دەتوانن نۆتە، باتۆن، یان کەلوپەلی تایبەتی وەک بوتڵی ئاو یان دەستەسڕ دابنێن. ( Neuman. 2021, p:55)

٦: جوڵەی سەکۆکان زۆرجار وا دیزاین دەکرێن، کە توانای گواستنەوەی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی بجوڵێنرێن و ڕێک بخرێن بەپێی شوێنی نواندن یان ژینگەی ڕاهێنان.

٧: بینین و دەنگ: کۆنداکتەران پێویستە لە باشترین شوێندا بن لە کاتی ڕاهێنان و نمایشەکاندا نەک تەنها بۆ بینینی ژەنیارەکان بەڵکو بۆ ئەوەی هاوسەنگی ئۆرکێستراش بە باشی ببیستن. بەرزی و شوێنی سەکۆکە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتنی کۆنداکتەرەکە لە دەنگەکانی بەشە جیاوازەکانی ئۆرکێستراکاندا. (Talgam. 2015, p:43) ، (Brock. 1966 ,p:32)

٨: گرنگی هێمایی: سەکۆی کۆنداکتەریش هێمای دەسەڵات و سەرکردایەتییە کە کۆنداکتەرەکە بەسەر ئۆرکێسترادا هەیە. ئەو شوێنەیە کە کۆنداکتەر ڕابەرانی ژەنیارەکان دەبێت، بڕیاری لێکدانەوەی دەدات، و تێڕوانینی گشتی ئەو پارچە موزیکە و دانراوانە دەگەیەنێت کە پێشکەش دەکرێت.

٩: بەرزبونەوەی کۆنداکتەر دەبێت لەسەر ئەم سەکۆیە بە شێوەیەک بێت کە کۆنداکتەر دەستەکانی بەرە و خوارەوە ببات و گشت ژەنیارەکانی نێو ئۆرکێستراکە ببینن، ئەم ئاماژەیەش بۆ پرسیارکردن لە ژەنیارەکان دەستەبەر دەبێت، نابێت بەرزیەکەی ئەوەندەش زۆربێت کە ژەنیارەکان بۆ بینینی کۆنداکتەر سەریان بەرزبکەنەوە. ( Brock. 1966, p:13) (Neuman. 2021 ,p:15)

بەکورتی، سەکۆی کۆنداکتەر ئامرازێکی کردارییە کە ئەزموونی کۆنداکتەر و ژەنیارەکان لە کاتی نمایشدا بەهێز دەکات و پەیوەندی و هەماهەنگی کاریگەر لە نێوان ئۆرکێسترادا دەستەبەر دەکات.



شێوەی ژمارە (١٠) پۆدیۆم

### ٢.١.٣ جل و بەرگی کۆنداکتەر :

بە شێوەیەکی ئاسایی جلوبەرگی کۆنداکتەر هەمیشە جلوبەرگی فەرمین لەکاتی کۆنسێرتێکدا دەیپۆشێت. هەمیشە وەک شێوە باوەکەی قاتێکی ڕەش و کراسێکی سپی دەپۆشێت، کە هەندێک کات بۆینباخیش دەبەسترێت، بەڵام

زیاتر بۆینباخ دەبێتە بارگرانی و بێزاری بۆ کۆنداکتەر  هەندێک کات پاپیۆن دەبەسترێت بە ڕەنگی سپی و یان ڕەش ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ حەز و خولیای کۆنداکتەرەکە، ژمارەیەکی کەم لە کۆنداکتەرەکان دەستکێش بەکاردەهێنن، ئەگەر بیپۆشن هەمیشە دەستکێشی ڕەنگی سپی دەپۆشن هۆکارەکەشی بۆ نەکەوتن و نەخزینی باتۆنەکەی دەستیانە لەکاتی جوڵەدا، چاکێتی کۆنداکتەر  لە دواوە درێژدەبێتەوە بە جیاواز لەگەڵ چاکێتی ئاسایی و  ژەنیاران دواتر توێژەران نموونەیەک لە وێنەی چاکێتە دەخەنەڕوو، پێڵاو: بەزۆری پێڵاوی ڕەشی بریقەدار لەپێ دەکەن، ئەم شێوە پۆشینە شێوازێکی پرۆفیشناڵی بە نمایشەکانی موزیکی دەبەخشێت و بە جیاواز لەگەڵ ژەنیاران جلک دەپۆشن هۆکارەکەشی بۆ بوونی ڕۆڵێکی جیاوازە لەگەڵ ژەنیاران لە نمایشەکاندا. کۆنداکتەران خۆیان بە شێوەیەک دەپۆشن کە لەگەڵ کەش و هەوای فەرمی کۆنسێرتەکە بگونجێن و دەسەڵات و پێرفۆرمانسێکی ڕەها بگەیەنێت. (Talgam. 2015, p:28)

ڕەچاوکردنی کرداری: کۆنداکتەران پێویستە لە جلوبەرگەکانیاندا ئاسوودە بن، چونکە زۆرجار دەبێت بە وزە بجوڵێن لەکاتی ڕابەرایەتیکردندا. هەڵبژاردنی جلو بەرگ کاریگەری لەسەر ئاسوودەیی و جوڵەیان هەیە.

جیاوازی نمایش و شوێنی نمایشەکان و شێوازە جیاوازەکان: ئەو شوێنەی کە کۆنداکتەر  نمایشی تێدا ئەنجام دەدات و شێوازی ئەم موزیکەی کە ڕانەری دەکات کاریگەری لەسەر پۆشینی جل و بەرگی کۆنداکتەر  دەبێت، بۆ نموونە، لە موزیکی جاز یان ڕۆک، کۆنداکتەران لەوانەیە جلوبەرگی ئاسایی یان بە جیاواز لەگەڵ شێوە باوەکە جلێک بپۆشن کەشەکە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی، پۆشینی جل و بەرگی کۆنداکتەر  تەنها پەیوەندی بە فاشیۆنەوە نییە. بەڵکو دەربارەی بەرجەستەکردنی ڕۆحی موزیک و پرۆفیشناڵیی نمایشەکەیە. (James. 2001, p:209) ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە جل و بەرگی مایسترۆ:



شێوەی ژمارە (١١) جل و بەرگی کۆنداکتەر

## ٢.٢ پێداویستییەکان:

### ٢.٢.١ ستاندی کۆنداکتەر : (Music Conductor Stand)

ستاندی کۆنداکتەر  (هەروەها ناسراوە بە ستاندی کۆنداکتەر ) ستاندێکی موزیکی تایبەتە کە بۆ کۆنداکتەران دروستکراوە بۆ ڕاگرتن و دانانی نۆتەکانیان لەکاتی ڕاهێنان و نمایشەکاندا. ئەمە ئامرازێکی سەرەکیە بۆ کۆنداکتەران، بۆ ئاماژەکردن بە نۆتەی موزیکی و خوێندنەوەی دانراوە موزیکییەکان لەکاتی ڕابەرایەتیکردنی ئۆرکێسترادا. ئەمانە تایبەتمەندی و لایەنە سەرەکییەکانی ستاندی کۆنداکتەرن:

١: ستاندەکە بە شێوەیەکی ئاسایی گەورەترە لە ستاندی موزیکی ستاندارد کە لەلایەن ژەنیارەکانەوە بەکاردەهێنرێت. ئەمە ڕێگە دەدات جێگەی سکۆری نۆتەی کۆنداکتەر  بە تەواوی ببێتەوە، کە زۆرجار قەبارەی زۆر گەورەترە لە ستاندەکانی ئامێرەکان.

٢: توانای ڕێکخستن: ستاندەکە بەرزی ڕێک دەخات بۆ ئەوەی کۆنداکتەر بتوانێت لە ئاستێکی ئاسوودەدا دایبنێت، بەگوێرەی باری وەستان، هەروەها دەتوانرێت گۆشەی ستاندەکە ڕێک بخرێت، بۆیە کۆنداکتەر دەتوانێت بەئاسانی نۆتەکە بخوێنێتەوە بەبێ ئەوەی مل و چاویان ماندوو بکات.

٣: بەهێزی ستاندەکە: کۆنداکتەرەکان زۆرجار پێویستیان بە هەڵدانەوەی خێرای لاپەڕە هەیە و لەوانەیە هەندێک جار لە نزیک ستاندەکە ئاماژەی بەهێز بکەن. بۆیە بۆ ئەوەی بەهێز بێت و بنکەیەکی جێگیری هەبێت بۆ ڕێگریکردن لە لەرزین لەکاتی گەیاندنی ئاماژە جیاوازەکاندا.

٤: هەندێک لە ستاندەکانی کۆنداکتەر تایبەتمەندی زیادەیان هەیە وەک هێڵێکی ئاسنی تەنک بۆ ڕاگرتنی لاپەڕەکانی نۆتە، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی کە پەڕەکان زۆر دەسوڕێنەوە یان بە هۆکاری هەوا لەوانەیە لاپەڕەکان تێک بدات لەکاتی نمایشکردن، بەتایبەتی لەو نمایشانەی کە لە دەرەوەی هۆڵە موزیکییەکان ئەنجام دەدرێن. (Talgam. 2015, p:57)

٥: توانای گواستنەوە: ستاندەکانی کۆنداکتەر بەشێوەیەک دیزاین دەکرێن کە دەتوانرێت هەڵبگیرێن بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی بگوازرێنەوە بۆ شوێنی جیاواز بۆ ڕاهێنان یان نمایشکردن.

٦: ڕووناکی: هەندێک لە ستاندەکان گڵۆپێکی بچووکیان تێدایە یان شوێنێک بۆ بەستنی گڵۆپی وەستاندیان هەیە، ، بەتایبەتی لەو هۆڵانەی لە کۆنسێرتەکاندا کە ڕووناکیان کەمە یان نمایشی شەوانە لە دەرەوە ئەنجام دەدرێن. ئەم ڕووناکیە دڵنیایی دەداتە کۆنداکتەر بتوانێت بە ڕوونی نۆتەکە ببینێت تەنانەت لە بارودۆخی ڕوناکی کەمدا.

٧: جۆری ستاندەکانی کۆنداکتەر زۆرن دەتوانرێت لە ماددەی ئاسن یان دار یان هەر ماددەیەکی دیکە دروست بکرێن و بۆ جوانکاری هەمیشە لەو سەردەمەی ئێستاماندا کۆمەڵێک دیزاینی جیاوازی بۆ دەکرێت. (Henry. 1891, p:162)



شێوەی ژمارە (١٢) ستاندی کۆنداکتەر

### ٢.٢.٢ سکۆری تایبەت بە کۆنداکتەر :(The Music conductor score)

سکۆری موزیکی نۆتەی تەواوی هەموو ئامێرەکان و دەنگە بەشداربووەکانی نێو ئۆرکێستراکە لەخۆ دەگرێت، بە پێی سەردەمە جیاوازەکان و جۆری ئۆرکێسترا جیاوازەکان سکۆرە موزیکییەکە دەگۆڕێت، چونکە هەر سەردەمێکی موزیکی بە جیاواز لەگەڵ سەردەمەکانی دیکە ئامێرە بەشداربووەکان گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، سکۆر بریتیە لە تۆماری هێڵ و بەشەکانی خێزانی ئامێرە موزیکییەکان، کە کۆنداکتەر بۆ مەبەستی ڕابەرایەتیکردن بەکاریدەهێنێت، ڕیزبوونی ئامێرەکانی ئۆرکێسترا لە سکۆردا بەم ڕێزبەندیەیە: گرووپی ئامێرە فودارەکان، گرووپی ئامێرە فودارە مسیەکان، گرووپی ئامێرە ڕیتمییەکان، ئامێری پیانۆ و ئامێری هارپ، گرووپی ئامێرە ژێدارەکان) لەهەر یەکێک لەو بەشانەدا ئەو ئامێرەی کە چینی دەنگی تیژ و بەرزترینە دەبێتە یەکەم ئامێر لە ڕیزبەندی بەشەکەی لە سکۆردا، بە پێچەوانەوە ئەو ئامێرانەی کە چینی دەنگیان گرە دەکەونە بەشی خوارەوەی گروپەکەیان. ( Meier. 2009, p: 97-149) بە بوونی سکۆری موزیکی کۆنداکتەرەکە دەتوانێت ببینێت هەر بەشێک چی دەژەنێت لە هەر ساتێکی دیاریکراودا. وەک هەمیشە ئەم سکۆرە موزیکییە لەلایەن موزیکدانەرەوە ئامادە دەکرێت بۆ کۆنداکتەری موزیکی بە تەواوی ئەم وردەکارییانەی کە لە نێو هزر و بیری موزیکدانەرەوە دێتە کایەوە، لەلایەن کۆنداکتەری موزیکەوە وەک پاڵپشت و ڕێنیشاندەری ئۆرکێستراکە ئەم سکۆرە

مۆزیکییە دێتە نمایشکردن لەلایەن پێرفۆرمەرەکانەوە، ئامێرەکان بە ڕێزبەندی بەدوای یەکدا هاتوون و ڕێکخراون بەگوێرەی جۆری ئامێرەکە و گروپی ئامێرەکان دیاریدەکرێن، (Kannedy. 2003, p:14) سکۆری کۆنداکتەران بەگشتی گەورەترن و بۆ بەکارهێنان لەلایەن کۆنداکتەرەکانەوە لە نمایشدا بۆ ئەوەی کۆنداکتەری مۆزیکی بەئاسانی نۆتە و وردەکارییەکانی تەواوی ئامێر و دەنگە بەشداربووەکان ببینێت و بۆ بینین ئاسان بێت. ( Cutts. 2004, p:76) چاپی گەورەتر ڕێگە بە کۆنداکتەری مۆزیکی دەدات بەئاسانی هەموو بەشەکان و تاک بە تاکی ئامێرەکان بخوێنێتەوە، ئامێرە بەشداربووەکان هەمیشە کلیلی جیاوازیان هەیە لە نۆتە نوسینەوەدا، ئەمەش دەبێتە هۆکارێک کە کۆنداکتەر شارەزایی لە شێوازی کلیلی ئامێرەکان هەبێت و لەیەکیان جیابکاتەوە، وێنە و تەواوی بیرۆکە و چیرۆکی دانراوە مۆزیکییەکان لە ژێر دەستی کۆنداکتەر دەبێت. زۆربەی نۆتەکانی کۆنداکتەران هەندێک جار پێیان دەوترێت partitur ، هەموو ئامێرەکان بە ریزبەندییەکی دیاریکراو دەردەکەون، بە هەمان ئەم هێمایانەی کە ژەنیار دەیبینێت، هەمیشە ئەم نۆتە و سکۆرەی لەبەردەستی کۆنداکتەردا هەیە زۆر ئاڵۆز دەردەکەوێت، بەپێی بەشداربوونی ئامێرەکان و ئۆرکێسترا جیاوازەکان ئاڵۆزییەکانیان دەگۆڕێت(Max. 1950, p:86) ژەنیارەکان، تەنها یەک نۆتەی مۆزیکی لەبەردەستە کە تایبەتە بە ئامێرەکەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پارچە مۆزیکەکەدا. وەک پیانۆژەنێک دوو ستافی مۆزیکی هەیە (بەیز و تریبڵ) نۆتەی کۆنداکتەرێک تژییە لە هەموو بەشەکان( ژێدارەکان، فوودارەکان (تەختەیی و مسی)، فوومسیەکان، پێرکەیشنەکان)، هەر ئامێرێک بەشداربێت لە سکۆری کۆنداکتەری مۆزیکی ئاماژەی پێدەدرێت، یان ئامێر هەیە لە دووبەشی جیاواز پێکدێت بۆ نموونە ڤایۆلینی یەکەم و دووەم، کەواتە ژمارەیەک لە ژەنیارانی ڤایۆلینی یەکەم بەشێک دەژەنن و ڤایۆلینی دووەم بەشێکی تر دەژەنن، ڤیۆلا و بەیز بەشەکانیان دەژەنن، بەهەمان شێوە بۆ ئامێرەکانی دیکەش هەمان ڕێباز بەکاردەهێنرێت هەر ئامێرە و بە پێی تایبەتمەندی خۆی، هەندێک کۆنداکتەر ڕێگە چارەیەک دادەنێن کە دەتوانن سەیری نۆتەیەکیان بکەن، کەمیان بکەنەوە بۆ ئامێری پیانۆ لە کاتی بینیندا، دەستبەجێ ئاوازی ڕەهای هەموو بەشەکانی نۆتەکە ببینن. (James. 2001, p:133) ، بەم شێوەیە کۆنداکتەر دەتوانێت بەسەر سکۆرە مۆزیکییەکەدا زاڵبێت بەتایبەتی ئەم جۆرە سکۆرانەی کە بە تەواوی ئاڵۆزن بۆ نموونە ئەم سکۆرە مۆزیکییانەی بە شێوازی مۆدێرن و هاوچەرخ داڕێژراون، بەم شێوەیە دەتوانێت تێگەیشتنێکی گشتی لە سکۆرەکە بەدەست بهێنێت بەبێ ئەوەی پێویست بکات هەموو وردەکارییەکان لەبەربکەیت. کە دواتر توێژەران تەواوی وردەکارییەکان و جۆری سکۆرە جیاوازەکان ڕووندەکەنەوە بۆ ڕابەریکردن. (Henry. 1891, p:61) لە شێوەی ژمارە (١٣) دا نموونەیەک لە سکۆری مایسترۆ دەخرێتەڕوو کە بریتییە لە سیمفۆنیای ژمارە (٦) بیتهۆڤن.

نموونەیەک لە سکۆری کۆنداکتەر :




شێوەی ژمارە (١٣) نموونەیەک لە سکۆری کۆنداکتەر

**٣.٢ بەکارهێنانی ئامراز و پێداویستییەکان لەلایەن چەند کۆنداکتەرێکی جیهانی لە چەند نمایشێکی جیاوازدا (شیکارکردن):**

ئەمانە چەند نموونەیەکن لە کۆنداکتەر بەناوبانگەکان کە باتۆن بەکاردەهێنن لە ئۆرکێسترادا، نیشانی دەدەن کە چۆن ئەم ئامرازە یارمەتیدەرە بۆ نمایش و پێرفۆرمانسە موزیکییەکان:

**١. هێربێرت ڤۆن کارایان(١٩٠٨–١٩٨٩) ڕابەرایەتی ئۆرکسترای فولهارمۆنی بەرلین – سیمفۆنیای ژمارە (٩) نۆی بێتهۆڤن دەکات:** یەکێک لە نموونە باوەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکان وەک بەکارهێنانی باتۆن لەلایەن کۆنداکتەر هێربێرت ڤان کارایان نموونەیەکی باو و بەناوبانگی بەکارهێنانی باتۆنە ، هێربێرت ڤان کارایان کۆنداکتەری ئۆرکێسترای فولهارمۆنی بەرلین دەکات و گرنگی و ڕۆڵی ئەم ئامرازەمان بۆ ڕوندەبێتەوە. کارایان بە کۆنداکتەرە ورد و دەربڕینە ناوازەکانی ناسراو بوو،.(Osborne, 1998, p:12) زۆرجار باتۆنەکەی بەکاردەهێنێت بۆ ڕێنمایی کردنی ئۆرکێسترا لە کارە سیمفۆنییە کلاسیکییەکان بە شێوەیەکی گشتی. نموونەیەکی دیاریکراو لێکدانەوەی بەناوبانگی سیمفۆنیای ژمارە نۆی بێتهۆڤنە لە نمایشێکی لەو شێوەیەدا، کارایان باتۆنەکەی بەکاردەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کێش و داینامیک و ئەم وردەکارییانەی لەلایەن موزیکدانەرەوە ئاماژەی پێدراوە بۆ ئۆرکێسترا، ئەم نموونە هەڵبژێردراوە دەگەڕێتەوە بۆ کارامەیی کۆنداکتەر کە کە زۆرترین گوزارشت بە باتۆنەکەی ئەنجام دەدات، ئەمە دیمەنێکی ڕوونت دەداتێ کە چۆن کۆنداکتەرێک باتۆنەکەی بەکار دەهێنێت بۆ ڕابەرایەتیکردنی ئۆرکێسترا لە کارێکی سیمفۆنی گەورەدا. باتۆن لەو نمایشانەدا بۆ بەڕێوەبردنی کێش و داینامیک و داڕشتن بەکاردێت و زمانی جەستەی کۆنداکتەرەکە دەربڕین دەبەخشێت بە نمایشەکە لە ڕێگای بەکارهێنانی باتۆنەوە. کارایان بە کۆنداکتەرێکی خۆڕاگر ناسراو بوو، بەڵام جوڵەکانی باتۆنەکەی، تێکەڵ بە زمانی جەستەی دەبێت، هەرچەندە جوڵەکانی زۆرجار سنووردارن، بەڵام هەمیشە پڕن لە مەبەست، گواستنەوەی هەستەکانی و دەبڕینەکانی دانراوە موزیکییەکە، زۆر ڕونە کە چۆن لە ڕێگای باتۆنەکەی ڕێنمایی موزیکژەنەکان دەکات بە شێوەیەکی سینەمایی و قووڵایی دەربڕین دەدات.(Classical Music Moments, 2021)

**٢. لیۆنارد بێرنشتاین (١٩١٨–١٩٩٠) ڕابەرایەتی ئۆرکسترای فولهارمۆنی بەرلین – سیمفۆنیای ژمارە (٩) نۆی بێتهۆڤن دەکات:**

لیۆنارد بێرنشتاین بە شێوازی ڕابەری شانۆیی و داینامیکی ناسراو بوو. لەو نمایشەی سیمفۆنیای ژمارە (٩) بێتهۆڤن، دەتوانیت بێرنشتاین ببینین کە باتۆنەکەی بەکار دەهێنێت بۆ ئاماژەکردن بە گۆڕانی کێش و یارمەتیدان و ڕێنمایی کۆرسەکە و ئۆرکێسترا دەکات، بەتایبەتی لە کۆتایی نمایشەکەدا کاردانەوە و بەکارهێنانێکی ناوازەی هەیە بە ئامرازی باتۆنەکە. ئاماژە دەربڕینەکانی لەگەڵ باتۆنەکە زیاتر شیکردنەوە و چیرۆکی دانراوی دانەرەکە دەگەیەنێتە ژەنیارانی ئۆرکێستراکە، کاتێک لەگەڵ ئۆرکێسترا ئاوێتە دەبێت و هەستی جیاواز دەردەخات. لایەنە سەرەکییەکانی شێوازی ڕابەرایەتی بێرنشتاین لەگەڵ باتۆنەکە لەو نمایشەدا: بێرنشتاین بەناوبانگ بوو بە توانای گەیاندنی قووڵی سۆزی موزیک بە باتۆنەکەی. لە بەشی Ode to Joy دەتوانیت ببینیت کە چۆن ئاماژەکانی دەستی بە باتۆنەکە خۆشی موزیکەکە دەگەیەنێت، ڕێنمایی پێرفۆرمەرەکان دەکات کە چۆن گوزارشت لە دانراوەکە بکەن بە ئامێرەکانیان، بەدرێژایی ئەم پارچەیە، بێرنشتاین باتۆنەکەی بەکاردەهێنێت نەک تەنها بۆ دیاریکردنی کات بەڵکو، بۆ ئاماژەکردن بە گۆڕانکارییە گرنگەکان لە کێشدا. لە Ode to Joy جیاوازی دراماتیکی هەیە لە خێرایی و دەنگدا، بەتایبەتی لە پێش دەستپێکردنی کۆرسەکە. باتۆنەکەی بێرنشتاین یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئۆرکێسترا و کۆرسەکە لەیەک کاتدا بەیەکەوە پێرفۆرم دەکەن، بێرنشتاین بە ئامادەبوونی کاریزمی و تێکەڵبوونی لەگەڵ ژەنیارەکان ناسرا بوو. لەو نمایشەدا باتۆنەکە درێژکراوەی پەیوەندییە تایبەتییەکانی لەگەڵ ئۆرکێسترا و کۆرسەکەیە. پەیوەندی چاوی، دەربڕین و جوڵەی باتۆنەکەی هانی پێرفۆرمەرەکان دەدات کە بە سۆز و وزەوە دەربڕین لە دانراوەکە بکەن، توانای ئەو لە ڕابەرایەتیکردنی ئۆرکێسترادا لە ڕێگای باتۆنەکەوە بەڵگەیە لەسەر کارامەیی ئەو وەک کۆنداکتەر . ئەو ڤیدیۆیە لە هەمان کاتدا تەکنیکی گۆچانەکەی و شێوازی کارلێکردنی لەگەڵ ئۆرکێسترا لەخۆدەگرێت، نموونەیەکی بەهێز پێشکەش دەکات کە چۆن بێرنشتاین گۆچانەکە بەکاردەهێنێت بۆ ڕێنمایی کردنی سۆز و دانراوی کارێکی گەورەی وەک سەمفۆنیای نۆیەمی بێتهۆڤن. (EuroArtsChannel, 2010)

**٣. کارلۆس کلیبەر (١٩٣٠–٢٠٠٤) ڕابەرایەتی ئۆرکسترای فیلارمۆنیکی ڤیەننا سەمفۆنیای ئەلپاینی شتراوس دەکات:**

تەکنیکی باتۆنەکەی کارلۆس کلیبەر بە جوانی و سادەترین شێوە ناسراوە.(Schonberg, 1967, p:34) لەو نمایشەدا کلیبەر ئاماژەی ورد و زۆر کاریگەر بەکاردەهێنێت بۆ ڕێنمایی کردنی ئۆرکێسترا بەنێو دانراوە ئاڵۆز و فراوانەکەی شتراوس. جوڵەکانی باتۆنەکەی زۆر وردن، تەنها بە کەمترین جوڵە ئاماژە بە گۆڕانکاری لە داینامیک، کێش و دەربڕینەکان دەکات. شێوازی بەکارهێنانی باتۆنەکەی ماستەرکلاسێکە لە چۆنیەتی گەیاندنی بیرۆکەی دانراوەکە.

ئەم نمایشە نموونەی لێهاتوویی کلیبەر لە ڕابەرایەتیکردنێکی ورد دەردەخات. جوڵە بچوکەکانی بە باتۆنەکەی بە جوڵەی دەموچاو و زمانی جەستەی تێکەڵکێشییەکی ناوازە دێتە ئەنجام. کۆنترۆڵی وردی کلیبەر بەسەر ئۆرکێسترادا نمایشێک دروست دەکات کە لە هەمان کاتدا توند و نەرمە، ئەم دانراوەی شتراوس زیندوو دەکاتەوە بە شێوازێکی قووڵ و داڕێژراو.

بە کورتی، ڕابەرایەتیکردنی کارلۆس کلیبەر لە سیمفۆنیای ئالپاین شتراوس وە لە زۆربەی کارەکانی کە ڕابەرایەتی دەکات نموونەیەکی تەواوە کە چۆن تەکنیکی باتۆنی مینیمالیستی دەتوانێ زۆر بەهێز و پڕ گوزارشت بێت. شێوازەکەی تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی باتۆنەکەی وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی ورد و ڕێگایەک بۆ شێوەی موزیک بە نەرم گرتن و جوڵە سەرسورهێنەرەکانی باتۆنەکەی بەڵام کاریگەرییەکی زۆر پێشکەش دەکات.(Unitel, 2013)

**٤. جۆن ویلیامز (١٩٣٢) ڕابەرایەتی ئۆرکێسترای بۆستۆن پۆپس، فیلم سکۆری Medley دەکات:**

جۆن ویلیامز بە موزیکدانەر و کۆنداکتەری سکۆرە فیلمییەکان ناسراوە بۆ نموونە: فیلمە بەناوبانگەکانی وەک جەنگی ئەستێرەکان و پارکی ژوراسیک و ئی تی، هەروەها ئۆرکێسترا بە باتۆن بەڕێوە دەبات بۆ هاوکاتکردنی نواندنی دانراوەکەی. لەو تێکەڵەیەدا لەگەڵ ئۆرکێسترای بۆستن پۆپس، دەبینین کە چۆن ویلیامز باتۆنەکەی بەکاردەهێنێت بۆ دیاریکردنی کێش و کۆنترۆڵکردنی داینامیکی کاتێک ئۆرکێستراکە هەندێک لە بەناوبانگترین بابەتەکانی دەژەنێت. شێوازی ڕابەرایەتیکردنەکەی ڕوون و کاریگەرە، یارمەتی ژەنیارەکان دەدات بەیەکەوە بمێننەوە و درامای موزیکەکە بپارێزن.

جۆن ویلیامز نەک تەنها یەکێکە لە بەناوبانگترین موزیکدانەرانی فیلم لە مێژوودا، بەڵکو کۆنداکتەرێکی لێهاتووە کە باتۆنەکەی بە وردی بەکاردەهێنێت بۆ زیندووکردنەوەی ئەم دانراوە موزیکییانەی تایبەتن بە فیلمەکان کە لە کۆنسێرتەکاندا پێرفۆرم دەکرێت. شێوازی ڕابەرایەتیکردنی جۆن لە کاتی ڕابەرایەتیکردنی دانراوەکانی خۆی بەکارهێنانی شێوازەکەی کاریگەرە و زیاتر تێکەڵ بە بیرۆکە و چیرۆکەکانی دانراوەکانی دەبێت. ویلیامز بە جوڵەی باتۆنەکەی ڕوون و ڕاستەوخۆ ناسراوە، کە یارمەتیدەری ئۆرکێستراکە دەدات هاوکات بێت لەگەڵ کێش و داڕشتنی موزیکەکەدا. لە سکۆری فیلمدا، کات و دیاریکردنی کاتەکان زۆر گرنگە بەتایبەتی کاتێک موزیک لەگەڵ ساتێکی دیاریکراوی فیلمەکە دەگونجێت ئەم لێکدانە کاری کۆنداکتەر ی شارەزایە بەبەکارهێنانی باتۆنەکەی جۆن توانی بەهرەمەندی خۆی بسەپێنێت لەو بوارەدا، توانی ئاماژە بینراوەکان بە یاوەری موزیک بهێنێتەکایەوە. نۆتە و سکۆری فیلمەکان زۆرجار گۆڕانی خێرای کێش و گۆڕینی تیمپۆی تێدایە. جۆن باتۆنەکەی بەکار دەهێنێت بۆ دیاریکردنی گۆڕانکارییەکانی کێش و دڵنیایی دەدات کە ئۆرکێسترا بەئاسانی ئەم گۆڕانکاریانە نمایش بکەن. بۆ نمونە، لە کاتی دراماتیکدا، بەهۆی باتۆنەکەی بەهێزتر و دیارتر دەکات بۆ ئاماژەکردن بە بەرزبوونەوەی دەنگ و داینەمیکەکان.(Boston Symphony Orchestra, 2017)

**٥. گوستاڤۆ دودامێل (١٩٨١) ڕابەرایەتی ئۆرکێسترای Sinfónica Simón Bolívar سیمفۆنیای ژمارە پێنجی (٥) ماهلەر دەکات:**

گوستاڤۆ دودامێل بە کۆنداکتەرە چالاک و بەسۆزەکە ناسراوە و ئەو نمایشەی سیمفۆنیای ژمارە 5ی ماهلەر نموونەیەکی باشە، کە چۆن کۆنداکتەرێک باتۆن بەکاردەهێنێت بۆ وزەبەخشین بە ئۆرکێستراکان. جوولەکانی باتۆنەکەی دودامێل تژین لە جوڵەی سەرنجڕاکێش و واتادار هەمیشە هیچ جوڵەیەکی باتۆنەکەی بە جوڵەیەکی دیکە ناچێت و بە شێوازێکی جیاواز باتۆنەکەی بەکاردەهێنێت کە تەواوی چیرۆکی سیمفۆنیاکە دەگەیەنێت بە گوێگر، بە هۆی لێهاتووی بەکارهێنانی باتۆن لەلایەن دۆدامێلەوە زۆر لەو کۆنداکتەرانەی باتۆن بەکارناهێنن هەوڵی بەکارهێنانی دەدەن وەک ئامرازێکی گرنگ و پێویست بۆ تەواوی ئاماژەکانی نێو سکۆرە موزیکییەکاندا، دۆدامێل بە شێوازێکی سەرسورهێنەر جوڵەی بەناوبانگی

ئاداگیتو لەو سیمفۆنیایەدا بە باتۆنەکەی گوزارشت دەکات، کە باتۆنەکەی دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی دانراو و بیرۆکەی موزیکدانەرەکە. سیمفۆنیای ژمارە (5)ی ماهلەر چەند گۆڕانکارییەکی تێدایە لە کێش و داڕشتنەکەدا. باتۆنەکەی دودامێل زۆر کاریگەرە لە ئاڕاستەکردنی ئۆرکێسترا لەو گۆڕانکارییانەدا، هەوڵی دڵنیابوون دەدات لە نێو ژەنیارەکانی ئۆرکێستراکە بەتایبەتی کاتێک کێشەکە لەناکاو دەگۆڕێت، چ خاوبوونەوە یان خێرابوون، دودامێل شارەزایە لە ڕابەرایەتیکردنی داینامیکەکان، خاڵێکی زۆر گرنگ و تایبەت لە دانراوەکانی ماهلەر بەرجەستە دەکرێت، کە لە موزیکێکی شێواز نەرمەوە دەگوازێتەوە بۆ موزیکێکی توند، کە لە تەقینەوەی بۆمبێک دەچێت. باتۆنەکەی دۆدامێل هەمیشە ئەم هەنگاوانە بە ڕوونی نیشان دەدات، ئەداگیتۆ نمونەیەکی زۆر باشە کە دۆدامێل باتۆنەکەی بەکار دەهێنێت بۆ پێشکەشکردنێکی پارێزراو لە مەبەستی دانەرەکە و ئەم گۆڕانە لە چیرۆکی دانراوەکەدا بەتایبەتی هەمیشە ئاڕاستە و فراوانبوونی دەستەکانی و باتۆنەکەی بەکاردەهێنێت بەڵام هەنگاو بە هەنگاو ئەم کردارە دێتە ئەنجام.(Dudamel, 2017)

**٢.٤ ڕابەرایەتیکردن بەبێ بەکارهێنانی باتۆن:**

ڕابەرایەتیکردن بەبێ باتۆن شێوازێکە کە هەندێک لە کۆنداکتەران هەڵیدەبژێرن، یان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەربڕینی نمایشێک یان بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ ژەنیارانی ئۆرکێستراکاندا. لە کاتێکدا باتۆن بە ئامرازێکی گرنگ و ورد دادەنرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پێرفۆرمانسەکان، بەڵام زۆر نموونە هەیە کە کۆنداکتەران تەنها دەستەکانیان، دەربڕینی دەموچاو و جوڵەی جەستەیان بەکاردەهێنن بۆ ڕێنماییکردنی ژەنیارەکان. ئەمانە چەند نموونەیەکن لەو کۆنداکتەرانەی کە باتۆن بەکارناهێنن:

**١. کلاودیۆ ئەبادۆ (١٩٣٣–٢٠١٤) ڕابەرایەتی ئۆرکێسترای فولهارمۆنیکی بەرلین سیمفۆنیای ژمارە (٩)ی بیتهۆڤن دەکات:**

لە نمایشەکانی وەک سیمفۆنیای ژمارە (٩)ی بیتهۆڤن، ئەبادۆ هەندێک جار ڕابەرایەتی ئۆرکێستراکەی دەکرد بەئاسانی بە دەستەکانی و پەیوەندی چاو بۆ دیاریکردنی کاتی دەستپێکردن یان گۆڕینی کێشەکان. جوڵەکانی جەستەی و جوڵە ناسکەکانی دەستەکانی بونەتە شێوازێکی سەرەکی ئەم پەیوەندیە کە دەبێت بوونی هەبێت لە نێوان کۆنداکتەر و ژەنیارەکانی ئۆرکێسترادا.

شێوازی بێ باتۆنی ئەبادۆ یارمەتیدەر بوو بۆ دروستکردنی کەشێکی دۆستایەتی و متمانەی هاوبەش لە نێوان خۆی و ئۆرکێستراکەدا. موزیکژەنەکان زۆر بە هەستێکی جوانەوە وەڵامی جوڵەی دەستەکانی ئەبادیۆ دەدەنەوە. ( Berliner Philharmoniker, 2013)

**٢. کارل بۆهم (١٨٩٤–١٩٨١) ڕابەرایەتی ئۆرکێسترای فولهارمۆنیکی ڤیەننا Die Meistersinger von Nürnberg ڤاگنر دەکات:**

بۆهم زۆرجار بە شێوازێکی نەرم بەبێ بەکارهێنانی باتۆن ڕابەرایەتی ئۆرکێستراکانی دەکرد بە شێوەیەکی سروشتی، کاتێک موزیکەکە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی زیاتر و جیاوازتر هەبوو. بە بەکارهێنانی دەستەکانی و زمانی جەستەی بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ ژەنیارەکانی ئۆرکێسترا دەبەست. بۆهم بەوە ناسراو بوو کە ئۆپێراکانی ڤاگنەری تەنها بە دەستەکانی بەڕێوە دەبرد، پشتی بە ئاماژە و دەربڕینی دەموچاو و جەستەی بە شێوەیەکی گشتی دەبەست، لەو دانراوەی ڤاگنەردا کۆمەڵێک جوڵەی جیاواز بە دەستەکانی دەکات ئەگەر باتۆن بەکاربهێنێت هەندێک لە جوڵەی دەستەکان بەتایبەتی پەنجەکانی سنوردار دەبن بۆ گوزارشت کردن.(Classical Music, 2021)

**٣. بێنجامین زاندەر (١٩٣٩) ڕابەرایەتی سیمفۆنیای ژمارە (٢) دوو ی ماهلەر بە ناوی(زیندووبوونەوە) دەکات:**

بێنجامین زاندەر کۆنداکتەرێکی مۆدێرنە کە زۆرجار لە هەندێک نمایشدا بەبێ باتۆن ڕابەرایەتی ئۆرکێستراکان دەکات، شێوازەکەی بە جوڵەی ڕوون و دەربڕین دەناسرێتەوە کە ڕێگە دەدات بە قووڵی پەیوەندی لەگەڵ ژەنیارانی ئۆرکێسترا و بینەراندا هەبێت، لەو دانراوە موزیکییەدا بێنجامین زیاتر کاریگەری هەستی لەسەر ژەنیاران دروست دەکات بەبێ

بەکارهێنانی باتۆن و بە ئازادبوونی دەست و پەنجەکانی هەوڵی گەیاندنی بیرۆکە و چیرۆکی دانراوە موزیکییەکەی ماهلەر دەدات. (Berliner Philharmoniker, 2018)

ڕابەرایەتیکردن بەبێ باتۆن هەڵبژاردنێکی سەرنجڕاکێش و پڕ دەربڕینە کە هەندێک لە کۆنداکتەران بەکاری دەهێنن بۆ قوڵکردنەوەی پەیوەندییان لەگەڵ ژەنیارانی ئۆرکێسترا. کلاودیۆ ئابادۆ، کارل بۆهم، و بێنجامین زاندەر گشتیان نمونەی ئەو کۆنداکتەرانەن کە شارەزایی هونەری ڕابەرایەتیکردنیان بەدەستهێناوە بەبێ باتۆن، پشت بە دەست، زمانی جەستە و دەربڕینی دەموچاویان دەبەستن بۆ شێوازی دانراوە موزیکییەکە. ئەم شێوازە نواندنێکی تایبەتی و جیاوازتر و دەربڕینتر گەشە پێدەدات و ڕێگە بە کۆنداکتەرەکە دەدات ڕاستەوخۆ لەگەڵ موزیکژەنەکان کارلێک بکات و کاردانەوەی لەسەر سۆز و هەستییان دەکات.

**ئەنجامی توێژینەوە:**

١. ئامراز و پێداویستییەکانی مایسترۆ ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لەلایەن کۆنداکتەرەکانەوە هەیە .

٢. گرنگی بەکارهێنانی ئامرازەکان و پیداویستییەکانی لەلایەن کۆنداکتەرەکانەوە ئاستێکی باڵا لە نمایشە موزیکییەکان دێنێتەکایەوە.

٣. باتۆن و بەکارهێنانی لەلایەن کۆنداکتەرەکانەوە گوزارشتێکی جیاواز دەبەخشێتە دانراوە موزیکییەکان.

٤. کۆنداکتەرەکان دەتوانن گوزارشتەکان بگەیەنن بەبێ بەکارهێنانی باتۆن، بەڵام بەپێی کۆنداکتەر و توانا و ئاستی کۆنداکتەرەکان گۆڕانی بەسەر دێت و دانراوە موزیکییەکان و بیرۆکەی دانراوەکان ڕۆڵ دەبینێت لە بەکارنەهێنانی، توێژەران بۆیان شیدەبێتەوە کە دەتوانرێت ئامرازی باتۆن بەکاربهێنرێت یان بەکارنەهێنرێت لە نمایشە موزیکییەکاندا.

٥. جۆرەکانی باتۆن دوو جۆرن و بەکارهێنانیان بە پێی ئۆرکێستراکان دەگۆڕدرێت.

٦. تایبەتمەندی باتۆن و چۆنییەتی بەکارهێنانی لەلایەن کۆنداکتەرەکانەوە.

٧. پەرەسەندن و بەکارهێنان و سەرهەڵدانی ئامرازی باتۆن لە سەردەمە موزیکییەکان گۆڕانی زۆری بەسەرداهاتووە کە ئێستا ئەم باتۆنەی بەکاردەهێنرێت لەلایەن کۆنداکتەرەکانەوە بە باتۆنی مۆدێرن ناسراوە.

٨. پۆشینی جل و بەرگی کۆنداکتەر جیاوازە لەگەڵ ژەنیارانی ئۆرکیسترا.

٩. پێداویستییەکان وەک ستاند و سکۆر ئەمانە دەبێت بوونی هەبێت لەکاتی ڕابەریکردندا.

١٠. ئامرازەکان وەک (باتۆن، پۆدیۆم و جل و بەرگ) دەکرێت بەکاربهێنرێت یاخود نا لەلایەن کۆنداکتەری موزیکییەوە.

١١- دوای ئەم شیکارییانە توێژەران گەیشتن بەم ئەنجامەی، کە بەکارهێنانی باتۆن وەک ئامرازێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە ئەم کۆنداکتەرانەی باتۆنیان بەکارهێناوە کاریگەری و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەسەر نمایشە موزیکییەکان.

**پێشنیاز: توێژەران بە پێویستی دەزانن کە ئەم پێشنیازانەی خوارەوە بخەنەڕوو:**

١. توێژەرانی کورد توێژینەوەی زانستی لەسەر تەکنیکەکانی ڕابەرایەتیکردن بەگشتی بکەن.

٢. توێژینەوەی زانستی تایبەت بە تەکنیکەکان و جوڵەکانی دەستی ڕاست و چەپ و ڕوخسار و جەستەی کۆنداکتەر بکەن.

٣. ئارەزومەندانی کورد کە ڕابەرایەتی گروپێک یان ئۆرکێستراکان دەکەن بە گشت جۆرەکانییەوە ڕەچاوی گشت وردەکاری و تەکنیکە جیاوازەکان تایبەت بە کاری ڕابەرایەتی بکەن.

٤. گشت موزیکدانەرانی کورد ڕەچاوی تەواوی وردەکارییەکان لە دانراوە موزیکییەکانیان بکەن وەک ڕێنیشاندەرێک بۆ ڕابەریکردنێکی زانستی.

**ڕاسپاردە: بۆ زانستخوازانی بواری موزیک:**

١. لە بەشی موزیکی پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکانی باشووری کوردستان گرنگی بە لایەنی ڕابەرایەتیکردنی موزیکی بدرێت.

٢. قوتابیانی خوێندنی باڵا توێژینەوە لەسەر شێواز و تەکنیکە جیاوازەکانی کۆنداکتەر ئەنجام بدەن.

## سەرچاوەکان

### کتێبەکان بە زمانی ئینگلیزی:


- BROCK،- M. (1966). *CONDUCTING TECHNIQUE for Beginners and Professionals*. 1st ed. New York: OXFORD UNIVERSITY PRESS.
- Barry، W. (2017). *Basic Conducting.* William B. Wilson.
- Bernstein, B. and Haws, B.B. (2008) *Leonard Bernstein*: American Original. New York: HarperCollins.
- Herbert، H. (2007). Prelinger Library. In: *Dictionary of ecology*. New York: Philosophical Library.
- Hanson، H. (1962). *Dictionary of ecology*. New York، NY: Philosophical Library Inc.
- Hopkins، G.W.; Griffiths، Paul (2001*). Instrumentation and Orchestration*. New Grove. Vol. 5. Impression and later developments.
- henry، saga (1905). *choir conducting*. Philadelphian: THEODORE PRESSER.
- Levine، R. and Hamilton، M. (2001). *The story of the orchestra*: listen while you learn about the instruments، the music، and the composers who wrote the music. New York: Black Dog & Leventhal.

، J. (2001). *So you're the new musical director*: an introduction to conducting a Broadway musical. Lanham،Laster - Md.: Scarecrow Press.

R. (1950). *THE GRAMMAR OF CONDUCTING A Practical Study of Modern Baton technique*. New York: ،MAX - SCHIR.MER.

E. (2007). *Einführung in die Technik des Orchesterdirigierens*. Curci.،Nicotra -

- Robertson، S. and Robertson، J. (2012). *Mastering the requirements process*. Upper Saddle River، N.J: Addison-Wesley.

D. (2014). Oxford ،itay (2015). *IGNORANT MAESTRO*. 1st ed. New York: Penguin Publishing Group. Wittry،talgam - USA،University Press

- Schonberg, H.C. (1967) *The Great Conductors*. New York: Simon and Schuster.


### توێژینەوەکان :


- Lisette Platte، S. (2016). The Maestro Myth – Exploring the Impact of Conducting Gestures on the Musician's Body and the Sounding Result. XML. p.116.
- Fen Huang، Y. (2018). Connecting orchestral conductors' interpretational intentions to conducting movement kinematics: A mixed-method approach using Deviation Point Analysis. XML. p.334.
- Konttinen، A. (2008). CONDUCTING GESTURES Institutional and Educational Construction of Conductorship in Finland، 1973–1993. XML. p.270.
- Neuman، G. (2021). PREPARATION TO PERFORMANCE: A CONDUCTOR'S JOURNEY TO THE PODIUM. p.78.


### گۆڤار و بڵاوکراوەکان:


–قادر، نجار. عدنان صباح (٢٠٢١) ڕۆڵی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن لە پاڵپشتیکردنی هۆشیاری تەندروستی بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی (کۆڤید ١٩) توێژینەوەیەکی تیۆری. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان. بەرگی ٢٥. لا ٥٨–٥٩.


### - ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان:


- Classical Music Moments (2021). Beethoven 9th Symphony - Herbert Von Karajan (1080p) [Video]. YouTube. https://www.youtube.com/watch?v=O3MVY6UiMag [Accessed 20 Oct.2024].
- EuroArtsChannel. (2010). The Berlin Celebration Concert 1989 - Leonard Bernstein - Beethoven Symphony No 9 [Video]. YouTube. https://www.youtube.com/watch?v=Hn0IS-vlwCI [Accessed 21 Oct.2024].
- Unitel. (2013). Carlos Kleiber - Johann Strauss II "Unter Donner und Blitz" Polka schnell, Op. 324 [Video]. YouTube. https://www.youtube.com/watch?v=IomRh4Wir2M [Accessed 20 Oct.2024].
- Boston Symphony Orchestra. (2017, November 9). John Williams conducts the Boston Pops, Film Score Medley [Video]. YouTube. https://www.youtube.com/watch?v=6EC2fi3SGYI [Accessed 20 Nov.2024].
- Dudamel, G., 2017. Gustavo Dudamel conducts Mahler's Symphony No. 5 | Sinfónica Simón Bolívar. [video] Available at: https://www.youtube.com/watch?v=U2_yqZ4_0Po [Accessed 20 Nov.2024].
- Berliner Philharmoniker, 2013. Beethoven: Symphony No. 9 - Abbado. [Video] YouTube. Available at: https://www.youtube.com/watch?v=YgIrf_zTJco [Accessed 20 Nov.2024].
- Classical Music/ /Reference Recording, 2021. Wagner: Die Meistersinger von Nürnberg - Prelude (Karl Böhm, Vienna Philharmonic). [Video] Available at: https://www.youtube.com/watch?v=GQzfGX_sEnw [Accessed 20 Nov.2024].
- Berliner Philharmoniker, 2018. Mahler: Symphony No. 2 / Zander · Berliner Philharmoniker. [video] Available at: https://www.youtube.com/watch?v=Cwe8Irtw2sc [Accessed 20 Nov.2024].

**دور أدوات ومتطلبات المايسترو لقيادة الأوركسترا**

**كاوان احمد الياس**
قسم الموسيقى، كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين– اربيل
،إقليم كوردستان،العراق
kawan.elias@su.edu.krd

**سرود فؤاد محمد السراج**
قسم الموسيقى، كلية الفنون الجميلة،جامعة صلاح الدين– اربيل
،إقليم كوردستان،العراق
surwd.mohammed@su.edu.krd

**الملخص**

هذا البحث دراسة تحليلية وصفية. يقوم الباحثون في هذه الدراسة بتحليل وتحليل الأدوات والمتطلبات الضرورية والمهمة لقيادة الأوركسترا بشكل علمي. يتطلب إجراء العمل بشكل عام مجموعة من المتطلبات للأداء العلمي والأداء الناجح ، لذلك تعتبر هذه المتطلبات ضرورة للعروض الموسيقية في عصر اليوم. في ضوء ذلك، وجد الباحثون أنه من المهم شرح دور ومكانة هذه الأدوات ومتطلبات القيادة والقيادة في سياق دراسة لقراء الموسيقى.

يتضمن هذا الموضوع المختار عددا من الموضوعات المهمة التي يتم مناقشتها كأدوات مايسترو مثل عصا المايسترو التي تعتبر إحدى أدوات وأسلحة المايسترو الخفية لقيادة الأوركسترا وعروض المايسترو في مجال الموسيقى. تاريخ تطور وظهور عصا المايسترو وفقا للعصور الموسيقية المختلفة وتتم مناقشة جميع التفاصيل. ثم يناقش الباحثون خصائص أسلوب النوتة الموسيقية للمايسترو ويحللونه. منصة المايسترو من الموضوعات الباحثون الذين لديهم عدد من الخصائص ويعتبرون مطلبا مهما للمايسترو ويتم إجراء تحليل خاص لهم ، فهناك دائما حاجة إلى حوامل موسيقية لفناني الأداء لتثبيت النوتات الموسيقية والنوتات الموسيقية ، لذلك يعتبر موقف المايسترو ضرورة ومتطلبات ، ولكن على عكس الموقف العادي ، هناك عدد من الميزات التي يقدمها الباحثون للقارئ في هذه الدراسة . ، يتم عرض جميع التفاصيل للقارئ ، أحد اختلافات المايسترو هو ارتداء الملابس وهو موضوع مهم كما تسلط الدراسة الضوء على أهمية ارتداء الأقنعة أثناء العروض.

الكلمات المفتاحية : أداة، حاجة، الكونداكتر ، القيادة، الأوركسترا

**The Role of Maestro Tools and Requirements for Conducting an Orchestra**

**Kawan Ahmad Elias**
Department of Music, College of Fine Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region,
Iraq
kawan.elias@su.edu.krd

**Sruwd Fuad Mohamed Sarraj**
Department of Music, College of Fine Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region,
Iraq
surwd.mohammed@su.edu.krd

**Abstract**

This research is an analytical and descriptive study. The researchers in this study scientifically analyze the tools and requirements that are necessary and important for conducting orchestras. Conducting work in general requires a set of requirements for a scientific performance and a successful performance ،so these requirements are considered as a necessity for musical performances in today's era. In this light ،the researchers found it important to explain the role and position of these tools and requirements for conductor and conducting in the context of a study for music readers.

This selected topic includes a number of important topics that are discussed as maestro tools such as the maestro baton which is considered one of the maestro's hidden tools and weapons for leading orchestras and maestro performances in the field of music. The history of the development and emergence of the maestro baton according to the different musical eras and all the details are discussed. Then the researchers discuss the characteristics of the maestro musical score style and analyze it. The maestro podium is one of the topics Researchers who have a number of characteristics and are considered as an important requirement for maestro and special analysis are done for them ،there is always a need for music stands for performers to stabilize musical notes and musical scores ،so the maestro stand is considered as a necessity and requirements ،but unlike the ordinary stand ،there are a number of features that in this study by the researchers ،all the details are presented to the reader ،one of the differences of maestro is the wearing of clothes which is an important topic The study also highlights the importance of wearing masks during performances.

**Key words**: tool ،necessity ،conductor, conducting ،orchestra